# کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا: رووداو و ئەگەرە فرەڕەهەندەکان[1]

د. بورهان أ. یاسین

٢٠١٥/١/١٩

[1] ئەم باسەی بەردەست پێشتر لە کۆڕێك لە شاری یۆتۆبۆری - سوید پێشکەش کراوە لە بەرواری ١٨-١٠-٢٠١٤. کۆڕەکە لە لایەن کۆمەڵەی ئەکادیمیکارانی کورد رێکخرابوو. هەر ئێرە دەرفەتێکی باشە کە بە گەرمی سوپاسی کۆمەڵەی ئەکادیمیکارانی کورد و رەوەندی کوردی لە شاری یۆتۆبۆری بکەم بۆ رەخساندنی دەرفەت بۆ پێشکەشکردنی ئەم بابەتە. ستایش بۆ ماندوبوونیان. بۆ بینینی کۆڕەکە بە ڤیدیۆ بڕوانە:
https://www.youtube.com/watch?v=Hc5FkeYA9Ck&feature=youtu.be

## ناوەڕۆکی باس

دەستپێك ........................................................ ٣
پێشڕەویە سەربازیەکانی داعش .......... ......... . .............. ٣
داعش لە نەخشەی جیۆستراتیژی ناوچەکەدا ...................... ٤
داگیرکردنی موسڵ و مەسەلەی کورد ........ ....................... ٩
هەڵچوونێکی سیاسی .................... ................ ............. ١١
کارەساتی شنگال: هۆکار و دەرهاوێشتە ....... ....... ............ ١٤
تورکیا: شنگال و رووداوە پەیوەندیدارەکان ... ........... ....... ... ١٨
خۆرئاوای کوردستان: تورکیا، پارتی و پ ك ك .................. ٢٣
ئێران ..................... ....... .................................... ٢٧
دەرئەنجام .. ............. ............................................... ٢٨

## دەستپێک

ڕووداوەکانی چەند مانگی دوایی بە پەیوەندی لەگەڵ شەڕ و پێکدادان و هەڕەشەکانی داعش کۆمەڵێك ڕووداوی هەڵتەکێنەر بوون لە ئاستە جیاجیاکانی سیاسەت و مەسەلە ستراتیژیەکان. یەکێك لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی ئەم پێشوەچوونانە ئەوەبوو کە سێ بەشی کوردستان (پێشتر ناسراو بە کوردستانی عوسمانی - باکووری کوردستان، خۆرئاوای کوردستان وە باشووری کوردستان) بە شێوەیەکی چڕ و لە کۆمەڵێك ئاستی فرەڕەهەندەوە تێکەڵاوی یەکتر بوون. ئەم تێکەڵاو بوونە تێکهەڵکێشییێکی سیاسی و ستراتیژیە کە لە ئاستێکی دابڕاوی کوردستانیدا نەماوەتەوە بەڵکو ئاستە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکان بە توندی تێکەڵاوی ئاستە کوردستانیەکە بوون.

لە ڕۆشنایی ئەوەی گوترا، ئەم بابەتەی بەردەست تەنها تایبەت نیە بە باسکردن لە ڕەوشی یەك بەشی کوردستان، بەڵکو زێتر هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان لە پانتاییە هەرە فراوانەکەی کوردستانی گەورەدا، بە تایبەتی ئەو سێ بەشەی کوردستان کە پێشتر بەیەکەوە بە کوردستانی عوسمانی ناسرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنایی زێتر دەخرێتە سەر خۆرئاواو و باشووری کوردستان.

لە ڕووی زەمەنیەوە ئەم بابەتە زیاتر کۆمەڵێك سەرنج و تێبینین لەمەڕ ڕووداوەکانی هەرە دوایی، بە ئاشکراتر زیاتر باس و خواسی قۆناغی دوای داگیرکردنی موسڵ و ڕووداوەکانی هەرە دوایی خۆرئاوای کوردستانە. جگە لەوەش لە هەندێ حاڵەتدا هەوڵدەدەم بابەتەکە لە ڕووی زەمەنیەوە فراوانتر بکەم و بگەڕێمەوە دواوە بۆ هەندێ نموونەی مێژوویی و ڕووداوی پەیوەندیدار.

## پێشڕەویە سەربازیەکانی داعش

هەرچەندە باسکردن لە هێزی داعش و ئەو پێشڕەویەی کە بەو خێرایی و لەو ماوە کەمە کردی ئاسان نیە، بەڵام دەتوانین بە گشتی بڵێین کە هەندێك هۆ هەن بۆ ئەم بەهێزبوون و پێشڕەویە خێرایە: ١) بەهاری عەرەبی وەك ژینگەیەکی لەبار بۆ خۆنمایشکردن و خۆڕێکخستنی ئیسلامی توندڕەو، بە تایبەتی لە سوریا. لەم وڵاتەدا *دەوڵەتی ئیسلامی لە وڵاتی شام* لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا سەریهەڵدا و هەر لەم چوارچێوەیەشدا پشتگیری هەندێ لایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە دەستهێنا. ئەو شتەی کە دەوڵەتی ئیسلامی لە وڵاتی شام سودی لێبینی ئەوە بوو کە لە نێوان خۆی و هێزە توندڕەوە چەکدارە ئیسلامیەکانی تردا (لە چوارچێوەی بەرهەڵستکاری سوریدا) نەك هەر سنوورێکی تەماوی هەبوو، بەڵکو بگرە شێوەیەك لە هاوکاری و هاوپەیمانیش لێرە و لەوێ بەدیدەکرا؛ ٢) کەوتنی ڕژێمی سەددام و بۆشایی ئەمنی لە عیراق و سەرهەڵدانی بەرهەڵستکاری دژی ئەمریکا لە عیراق. هەڵبەتە بەشێك لەم بەرهەڵستکاریە هی قاعیدە و دواتر هی دەوڵەتی ئیسلامی بوو. دیارە ئاشکرایە کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق ئیتر ئەو بۆشاییە ئەمنیە چووە ئاستی ترەوە و دەرفەت لەبەردەم دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق دەها فراوانتر بوو بۆ گەشەکردن و خۆ بەهێزکردن؛ ٣) بەرهەڵستکاری سوننە لە عیراق وە سوود وەرگرتنی دەوڵەتی ئیسلامی لەم بەرهەڵستکاریە. یەکێك لە شێوازەکان

سودوەرگرتن بووە لە جۆرێك لە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەعس (یا پاشماوەکانی بەعس) بە *هەمان مەبەستی سەرەکی* (دەستبەسەرداگرتنی بەغدا)، بەڵام لە راستیدا بە *دوو ئەجێندای زۆر جیاوازەوە*؛ ٤) لاوازی دەوڵەت لە عیراق و سوریا، بەڵکو بگرە شکستی ئەو دوو دەوڵەتە لە چوارچێوەی ئەوەی پێیدەگوترێ *دەوڵەتی شکستخواردو* (the failed state). لە راستیدا ئەم حاڵەتە، واتە دەوڵەتی شکستخواردو، تەنها لە سوریا و عیراق بەدیناکرێ بەڵکو لە کوێ، لە جیهانی ئیسلامیدا، دەوڵەت لاوازە هەر لەوێش گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان بەهێزن وەك نموونەی یەمەن، فەلەستین، سۆماڵ، ئەفغانستان، لیبیا. . . هتد.؛ ٥) پشتگیریکردن لە داعش و هەندێك گروپی دیکەی توندڕەوی ئیسلامی سوننی لە لایەن هەندێك هێزی ئیقلیمیەوە، وەك *تامپۆنێکی ئیسلامی سوننی* بەرامبەر بە ئێران و رێگرتن لە زێدەبوون و پەرەسەندنی هەژمونی ئەم وڵاتە لە ناوچە و تەنگپێهەڵچنینی. بۆ ئەم مەبەستە و لەم ئاراستەیەدا زۆر لایەن لە کاتی جیاجیا رۆلیان هەبووە لەو پشتگیریکردنەی ئیسلامی سوننی. لە راستیدا ئەم خاڵە پێویستی بە روونکردنەوەی زۆرترە وە هەر لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەم رەهەندە بخەمە چوارچێوە ئیقلیمیەکەی.

## داعش لە نەخشەی جیۆستراتیژی ناوچەکەدا

بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلەیە دەبێ کەمێك بگەڕێینەوە دواوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتی و فراوانمان لە رۆلی ئێران بۆ روونتر ببێتەوە، ئەو رۆلەی کە ئەم وڵاتە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و لە بەردەوامیشدا بینیویەتی. یەکێکیش لە مەسەلە هەرە گرنگەکان لەم رۆلەدا پشتگیریکردن بووە لە هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان لە دەرەوەی ئێران وە هەرەشەکردن بووە لە ئاسایشی رژێمەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی رژێمە عەرەبیەکانی ناوچەی کەنداو. ئەم ئاراستە سیاسی و رۆلەی ئێران لە ژێر دروشمی *ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی* (صدور انقلاب) بەڕێوەچووە و کۆمەڵێك کاردانەوەی توند و ململانێی خویناویشی لێکەوتۆتەوە. نموونەیەکیش لە کاردانەوەکان بەرامبەر ئەم دروشمە جەنگی عیراق و ئیران بوو (بەبێ ئەوەی ئەوەم گوتبێ کە دروشم و ستراتیژی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی تەنها هۆکارێك بوو بۆ دەستپێکردنی شەڕەکە).

یەکێك لە هۆکارەکانی پشتگیریکردنی لایەنە ئیقلیمی و جیهانیەکان لە داعش لە چوارچێوەی سیاسەتی تەنگپێهەڵچنین بە ئێران و رێگرتن لە زێدەبوونی کاریگەری ئەم وڵاتە بەسەر پێشوەچوونەکانی ناوچەکەدا بووە. جگە لەوەی کە پێشتریش ئەم پشتگیریە لە سوریاش لەو گروپە توندڕەوە کرا بە مەبەستی خستنی رژێمی ئەسەد. بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە رەهەندێکی جختکردنەوە لەسەر لەناوبردنی رژێمی سوریا (بە تایبەت لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی کەنداو) دیسان پەیوەندیدار بووە بە مەترسی قەلەمڕەوی شیعە (لە ژێر سێبەر و بە سەرکردایەتی ئێران) لە ناوچەدا. بە واتایەکی تر ئەم جختکردنەوەیە لەو بۆچوونەوە پێهەڵدەگرێ کە سوریا بەشێکی گرنگ لە پشتێن (یا هیلالی) شیعی لە ناوچەدا پێکدەهێنی وە کەوتنی رژێمی سوریا پچڕانێکی یا

لاوازبوونێکی جددی دەبێت بۆ ئەو پشتێنە، وە دەرئەنجام دەبێتە هۆی لاوازبوونی رۆلی ئێران.

بە پێی ئەم بۆچوونە دەتوانین بلێین ئەوەی کە پێشتر (واتە بەر لە داگیرکردنی موسڵ) لە سوریا و عیراق روویدەدا، کەم یا زۆر، شەرێك بوو لە نێوان دوو هیلالی ئیسلامیدا؛ یەکێکیان *هیلالی سوننی* و ئەوەی تریشیان *هیلالی شیعی*. دەڵێم پێشتر، چونکە بە هۆی پێشرەویەکانی داعش لە عیراق ، هەروەها توندرەوی لە رادەبەری ئەم هێزە ئیسلامیە و گۆڕانکاری لە گوتار و بژاردە ستراتیژیەکانی ئەم گروپە توندرەوە بوونەتە هۆی دابڕانێکی زۆر لە نێوان داعش و هیلالی سوننی؛ لەراستیدا نەك هەر دابڕان، بەڵکو بگرە دژایەتی و ململانێیەکی زۆریش لە ناو خودی ئەم هیلالەدا سەریهەڵداوە. بە واتایەکی تر ئەو وڵاتە سوننیانەی کە تا دوێنێیەکی نزیك (راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) هاوکاری داعش بوون، ئەمرۆ دژی دەوەستنەوە.

لێرەوە پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین ئایا کامەن ئەو دەوڵەتانەی کە رۆلی ناوەندی ئەم دوو هیلالە (واتە هیلالی سوننی و هیلالی شیعی) دەگێڕن و بزوێنەری سەرەکییانن؟

بە گشتی دیاریکردنی ناوەندی هیلالی شیعی ئاسانە، کە ئەویش کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئەم هیلالە خۆی لە شیعەکانی پاکستان و ئەفغانستانەوە درێژدەکاتەوە و بە عیراق و سوریادا تێدەپەڕێ تا دەگاتە لوبنان،[2] واتە تا دەگاتە سەر سنووری ئیسرائیل وە بە تایبەتی لە رێگای رۆلی گرنگی حیزبوڵلای لوبنانیەوە. بەم شێوەیە هیلالی شیعی، وە بە تایبەتی ئێران، تێکەڵاوی ململانێی عەرەبی- ئیسرائیلی (بە دیوێکی تریدا ململانێی فەلەستینی- ئیسرائیلی) دەبێ و کاریگەری راستەوخۆ لەسەر ئەم ململانێیە گرنگە دادەنێت.

لە لایەکی ترەوە، ئاسان نییە ناوەند و چەقی هیلالی سوننی دیاریبکەین. تا ئێستا لەم بارەیەوە باسی سعودیە و تورکیا کراوە.

بە هەر حاڵ، هەرچی سعودیەیە وەك ناوەندێکی هیلالی سوننی، ئەوا کاراکردنی فاکتەری ئیسلامی و بەکاربردنی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەدا تا ئێستا بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە: ١) قۆناغی ١٩٥٠کان تا کۆتایی١٩٧٠کانی سەدەی رابردوو: لەم قۆناغەدا مەبەست لە بەکاربردنی فاکتەری ئیسلامی وەستانەوە بوو بەرامبەر بە تەوژمی رادیکالیزمی نەتەوەیی عەرەبی بە سەرکردایەتی میسر و دواتریش سوریا و عیراق وە هەروەها بە گشتی مەبەست لەو بەکاربردنەی فاکتەری ئیسلامی بەهێزکردنی رۆلی سعودیە بوو لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامی و پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا؛ ٢) هەرنەبێ لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە، واتە هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، شانشینی سعودیە بە شێوەیەکی چالاکانە هەم لە رێگەی هاوکاری ئابووری وە هەم لە رێگای گەشەپێدان و بلاوکردنەوەی مەزهەبی وەهابی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، رۆلێکی گرنگی بینیوە لە بلاوبوونەوەی توندرەوی ئیسلامی. لە بۆچوونێکی گشتیشدا، هۆکارێکی دیکەی گرنگ بۆ ئەم ستراتیژەی سعودیە، واتە بەکاربردنی فاکتەری ئیسلامی،

---

[2] بە پێی هەندێک بۆچوون هیلالی شیعی لە کەمایەتیە شیعیەکانی وڵاتە عەرەبیەکانی کەنداو دەستپێدەکات و دەپەڕێتەوە ئێران و دواتر لە رێگای لوبنانەوە دەگاتە سەر سنووری ئیسرائیل.

ئەوە بووە کە توندڕەوی لە ناوەوەی وڵاتەوە بنێرێتە دەرەوە. مەبەستی سەرەکیش لەم ناردنە دەرەوەیە پاراستنی ئاسایشی خۆی بووە لەم توندڕەویە ئیسلامیە و رزگاربوون بووە لێی. بەم واتایەش، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە پێیان باش بووە کە توندڕەوە ئیسلامیەکانی سعودیە پاڵدەنە دەرەوەی ئەم شانشینیە و بەمەش سعودیە بە کردارێك دوو ئامانجی پێکاوە: بەدەستهێنانی مەبەستی سەرەکی کە پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆی رژێمە، چونکە ئەگەر ئەم توندڕەوانە نەچنە دەرەوەی سعودیە ئەوا بە ئەگەری زۆر رژێمی ئەم وڵاتە خۆی دەبێتە ئامانجیان. جگە لەوەش ئەم توندڕەوانە کە هەڵگرانی مەزهەبی وەهابین، کە مەزهەبی رەسمی وڵاتە، "ناردراونەتە" دەرەوە بە مەبەستی *بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکە*.[3] بێگومان ، لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا، بە تایبەتی سعودیە رۆلێکی گرنگی بینی لە پشتگیریکردنی ئیسلامی تونڕەو لە سوریا، بە دوو مەبەستی سەرەکی: ١) هەوڵ بۆ کۆتاییهێنان بە رژێمی ئەسەد وە ئەمەش زیاتر بۆ شکستپێهێنانی پێگەیەکی ستراتیژی ئێران لە ناوچەکەدا بوو؛ ٢) بە گشتی لە پێناو بەهێزکردن و سەرخستنی هیلالی سوننی لە ناوچەکەدا.[4]

لە لایەکی ترەوە هەروا ئاسان نیە لە هیلالی سوننیدا رۆلی ناوەندبوون بدەین بە تورکیا، چونکە ئەم رۆلە *نەگونجاوی و دژایەتیەکی بەهێز* لە ناو پرۆژەی (أ ك پ)دا دروست دەکات: لە لایەکەوە ئەم رۆلە پڕ بە پێستی تیوریەکەی (ئەحمەد داود ئۆغلو)ە لە چمکی *قوڵایی ستراتیژیدا*، کە زیاتر مەبەست لێی رۆلی چالاکانەی تورکیایە لە قوڵایی سوننیدا لە جیهانی ئیسلامی، بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەچی لە لایەکی ترەوە هەمان رۆلی *ناوەندبوون لە هیلالی سوننیدا* تورکیا بەرەورووی کۆمەڵێك ململانێ، دژایەتی و بگرە دوژمنایەتی دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازی لەگەڵ ئێران (تۆ بڵێ ناوەندی هیلالی شیعی). تورکیا بەردەوام خۆی لەم بەرەوڕووبوونەوەیە پاراستوە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی چمکی *کێشە لە ئاستی سفردا* (واتە بێکێشەکردنی پەیوەندیەکانی تورکیا لە ناوچە تا ئاستی سفر)، کە دیسان خاوەنەکەی هەر داودئۆغلوە .

بەدیوێکی تردا، دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە رۆلی تورکیا لە "پشتگیریکردنی" داعش (راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ) مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و تا ئێستا رۆشناییەکی ئەوتۆی

---

[3] Thomas Hegghammer, (2009). “Jihad, yes, but not revolution: Explaining the extraversion of Islamist violence in Saudi Arabia.” in *British Journal of Middle Eastern Studies*, 36(3), 395-416

[4] بەڵام دەبێ بگوترێت کە ئەم سیاسەتی ناردنە دەرەوەی جیهادیە سعودیەکان بێ کێشە نەبووە، بەڵکو ئەم سیاسەتە بۆتە بنەمایەکیش بۆ نائارامی لە ناو خودی ئەم شانشینە کاتێک کە ئەم جیهادیانە گەڕاونەتەوە بۆ سعودیە. ئەم حاڵەتە بە تایبەتی روویدا دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان. بڕوانە بۆ نموونە:
Patrick Conge and Gwenn Okruhlik, “The Power Narrative: Saudi Arabia, the United States and the Search for security” in Matteo Legrenzi, *Security in the Gulf: Historical Legacies and Future Prospects*, Routledge, 2010, p. 32.
بۆ خوێندنەوەیەکی گرنگ دەربارەی چۆنیەتی بەکاربردنی فاکتەری ئیسلامی لەلایەن سعودیەوە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و بەهێزکردنی پێگەکەی لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، بڕوانە:
Pinar Bilgin, Regional Security in the Middle East: A Critical Perspective, Routledge, 2011, pp. 67-111.

نەخراوەتە سەر، رۆشناییێك كە دوور بێ لە پڕوپاگەندەی شەڕ و خاڵی لێوەدەرچوونی لایەنگیرانە. بە هەر حاڵ زۆر پێویستە ئەم رۆڵەی توركیا لە دوو ئاستی جیاوازەوە بخوێنینەوە و تێگەیشتنی بۆ بكەین: ١) رۆڵی *"دەوڵەتی توركیای رەسمی"*[5] وە بە تایبەتیش حكومەتی أ ك پ. لێرەشدا گرنگە ئەم پرسیارە بكەین: ئایا ئەم رۆڵە چەند بووە، چۆن بووە، چی بووە و لە چ ئاستێكدا بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەم دەرفەتەدا هەروا ئاسان نیە؛ ٢) رۆڵی" *دەوڵەتی قوڵ"* (یا دەوڵەتی شاردراوە)، كە هێزی چەكداری، (میت)ی توركی، بەشی شاراوە لە زۆرێك لە دامودەزگاكانی وڵات وە هێزە ناسیۆنالیستە توركە توندڕەوەكان دەگرێتەوە[6] وە رۆڵی سەرەكی هەبووە لە پشتگیری كردنی داعش.[7] بەم واتایەش زۆر بە چڕی و بە كورتی: پشتگیریكردن (لە رووە توركیەكەیەوە) لە داعش دژ بە خۆرئاوای كوردستان وە لێدانی كانتۆنەكان، پێش هەر شتێك ئاراستە و كاری *دەوڵەتی قوڵی* توركیا بووە. ئەم ئاراستەیەش بەشێكە لە هەوڵی ئەم دەوڵەتی قوڵە بۆ لاوازكردنی پێگە، رۆڵ و كاریگەری پ ك ك. جگە لەوەش، ئەمە هەوڵێكە بۆ بێبەشكردنی پ ك ك لە هەر سەركەوتنێك لە خۆرئاوای كوردستان. هەر بەم واتایەش لە تێڕامانێكی گشتیدا ئەم دوو مەسەلەیە (واتە باكوور و خۆرئاوا) لە یەكتر جیاناكرێنەوە وە رووداوەكانی پەیوەست بە خۆرئاوای كوردستان هەر زوو، بەڵام بە تایبەتی لە ماوەی دواییدا، ئەوەیان دەرخست كە بەیەكەوە گرێدانی ئەم دوو دیوەی هاوكێشە، بە تایبەتی لە دیدی دەوڵەتی قوڵی توركیاوە، گرنگ بووە. بەڵام ئەوەی كە ئەم بەیەكەوە گرێدانە دەباتە ئاستێكی تری گرنگ ئەوەیە كە دەوڵەتی رەسمی توركیاش ئەم بەیەكەوە گرێدانە دەكات و لە رۆشنایی ئەم بەیەكەوە بەستنەوەیەش (پ ك ك) و (پ ی د) دەخاتە یەك قاڵبەوە. ئەوەتا سەرۆكی توركیا رەجەب تەیب ئەردۆگان جختدەكاتەوە كە "پارتی كرێكارانی كوردستان و پارتی یەكێتی دیموكراتی هەمان شتن، خەمی ئەوان دروستكردنی دەوڵەتێكە لە باكووری سووریا و ئێمەش بە گەشبینیەوە سەیری ئەمە ناكەین".[8] بە مانایەكی دیكە جیاكاری لە ئاراستەی دوڵەتی رەسمی و دەوڵەتی قوڵ زیاتر لە ئاستی میتۆدی كار و ئامرازە بەكار بردراوەكانە تا ئاراستە و خوێندنەوە گشتیەكە.

هەڵبەتە، هەر بۆ بیرهێنانەوە، دەوڵەتی قوڵ ئامرازێكی گرنگی ئەو شەڕە بوو، كە توركیا لە بەرامبەر بە كورد و پ ك ك لە باكووری كوردستان لە ١٩٨٠كان و ١٩٩٠كانی سەدەی رابردوو، بەرپایكرد. لەراستیدا دەوڵەتی قوڵ نەك هەر ئامرازی شەڕەكە بوو،

---

[5] دیارە مەبەست لە چمكی دەوڵەتی رەسمی هەموو ئەو دامودەزگایانەن كە بە شێوەیەكی رەسمی و بینراو وە لە چوارچێوەی سیستەمێكی سیاسی دامەزراو و بە شێوەیەكی ئاشكرا ئیدارە و نوێنەرایەتی دەوڵەتی توركیا دەكەن. هەندێك جار دەوڵەتی رەسمی وەك باڵی "مەدەنی" لە پێكهاتەی دەسەڵاتی سیاسی گوزارشی لێوە دەكرێ، لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی قوڵە، كە زیاتر یەكسانە بە باڵی "سەربازی" ئەو دەسەڵاتە.

[6] جگە لەم رەگەزانە مافیا و هەندێ گروپ و كەسی چالاك لە دەرەوەی یاسا یا لە یاساراكردووش دەگرێتە خۆی. دەوڵەتی قوڵ هەندێك جار وەك دەوڵەتی هاوتەرییبیش گوزارشی لێدەكرێت. . .

[7] باسوخواسێكی زۆر كراوە دەربارەی رۆڵی راستەوخۆی (میت)ی توركی لە پشتگیریكردنی داعش وە سەرچاوەی زۆرێك لەو باسوخواس و هەواڵانە (پ ك ك)یە، یا دەزگاكانی راگەیاندنی نزیكی ئەو حزبەن. بۆ نموونە لە راگەیاندنی پ ك ك لە كۆتایی ساڵی رابردوو باس لەوە دەكرێ كە توانراوە پێنج كوژراوی كەسانی سەر بە میت لە ناو كوژراوانی داعش لە عیارق بدۆزنەوە:

*http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=24571* accessed 10-12-2014

[8] http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/070120151

بەڵکو رۆڵی گرنگیشی هەبوو لە ئاراستەکردن و داڕشتنی پلان و ستراتیژی شەڕەکەش. لە شەڕی دەوڵەتی قوڵدا نەك هەر دامەزراوەیەکی "شاردراوەی" وەك ژیتەم[9] و هێزێکی ئیسلامی توندڕەو وەك حزبوڵڵای تورکی رۆڵی گرنگیان بینی، بەڵکو بگرە مافیاکانی تورکیا و هەندێك رەگەزی دەرەوەی یاسا و یاخی بوو لە دەوڵەت وەك ئامراز دژ بە کورد لە شەڕەکەدا بەکارهێنران، زۆر بە تایبەتی رۆڵی ئەم ئامرازە لە کاتی حوکمڕانی سەرۆکوەزیران تانسو چیلەر زۆر چڕ بوویەوە.[10]

هەڵبەتە پێگەی عیراق لە شەڕی دوو هیلالی شیعی و سوننیدا یەکجار گرنگە وە لە ئاستی هەرە گرنگی ستراتیژیدایە، بگرە رۆڵی ئەم وڵاتە لەم پەیوەستەدا دەتوانێ یەکلاکەرەوەش بێت. گرنگی پێگەی جیۆستراتیژی عیراق لە هاوسەنگی هێزی ئیقلیمی و هاوکێشە ئاڵۆزەکانیدا، نوێ نیە. بەڵام تا ئەو جێگایەی پێگەی عیراق پەیوەندی بە گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی و رۆڵی ئیقلیمی ئێرانی ئیسلامی(تۆ بڵێ شیعی)ەوە هەبێ، بۆچونێکی گرنگ هەیە لە هزری ستراتیژی ئەمریکیدا کە هەرنەبێ پێشینە مێژووییەکەی بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، واتە بە دیاریکراوی بە پەیوەندی لەگەڵ (یا یەکسەر دوای) سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی. بە بۆچوونی زبیگنیو برزێزنسکی (راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە زەمانی سەرۆك جیمی کارتەر) هەر لە یەکتر نزیکبوونەوەیەك (یا لەوە زیاتر هەر هاوپەیمانیەك) لە نێوان ئێران و عیراق و سوریا هەڕەشەیەکی جددی و راستەوخۆ دەبوو بۆ سەر ستراتیژی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی. هەروەها پێشوەچوونێکی ئەوها هەڕەشەش دەبوو بۆ سەر دۆستان و هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچە، بەتایبەتی رژێمە عەرەبیەکانی ناوچەی کەنداو. برزێزنسکی ناوی ئەو لە یەکتر نزیکبوونەوەیە ( هاوپەیمانییە)ی ناوە *پشتێنی غەزەب*. لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەوە، وەك خویندنەوەیەکی جیۆ- ستراتیژی لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە، پێویست بوو ئەم پشتێنە تا بکرێ *بە پچڕاوی بهێڵرێتەوە*؛ واتە ئەمریکا لێنەگەڕێ عیراق بکەوێتە دەست هێزگەلێك کە یەکسەر ئەم وڵاتە (واتە عیراق) بکات بە بەشێك لە هاوپەیمانیەکی سێلایەنی توندڕە و دژەئەمریکی. بە واتایەکی دیکە، تا بکرێ

---

[9] ژیتەم (JITEM) کورتکراوەی تورکیە بۆ دەزگای *هەواڵگری و دژەتیرۆری هێزی جەندرمە* (Jandarma İstihbrat ve Terörle Mtücadele) کە بە تایبەتی لە ١٩٩٠کان لە کوردستان چالاك بوو:
لە سەرەتادا بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا ئینکاری بوونی ئەم دەزگایەیان دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی رووداوێك (کە ناسراوە بە رووداوی سوسورلوك) دەوڵەتی قوڵی تورکیا (بە تایبەتی دەزگای ژیتەم) بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو وە نەکرا چیتر ئینکاری بوونی بکرێت. بوڵاند ئەجەڤید (کە ئەو کاتە سەرۆکوەزیران بوو) وە مەسعود یەلماز (سەرۆکی پارتی دایك ١٩٩١ تا ٢٠٠٢) راشکاوانە ئەوەیان راگەیاند کە ژیتەم بوونی هەبووە و هەیە. بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٨ زانیاری بە وردەکاریەکی زۆرەوە لەسەر ئەم دەزگایە بڵاوبوویەوە، ئەوەش بە پەیوەندی لەگەڵ دادگاییکردنی لایەنگران و چالاکوانانی *ئەرگەنەکۆن* (بەشی رێکخراو و سەربازی دەوڵەتی قوڵی تورکیا). هەر لەم دادگایەشدا بۆ یەکەم جار پەردە لەسەر زۆرێك لە چالاکیەکانی ژیتەم لادرا وە ئەوەش پشتڕاستکرایەوە کە مەیدانی سەرەکی کار و چالاکیەکانی ئەم دەزگایە هەواڵگری و تۆقێنەرە باکووری کوردستان بووە. هەڵبەتە ئامانجی ئەم چالاکیانەش تێکشکاندنی بەرهەڵستکاری کوردان بووە لەو بەشەی کوردستان.

[10] رۆڵی دەوڵەتی قوڵ لە شەڕ دژی کورد لە باکووری کوردستان وە لە تورکیا بە گشتی کەمتر بۆتە ئامانجی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی. یەکێک لەو لێکۆڵەرانەی دەربارەی ئەم بابەتەی نووسیوە (مایکل گونتەر)ە. بڕوانە:
Michael M. Gunter, *The Kurds Ascending: The Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq and Turkey*, Palgrave, 2008, 2nd ed, pp. 107-131.

چارەنووسی ئەم وڵاتە بە تەواوەتی نەکەوێتە دەست شیعە. دیارە، لە گۆشەبینی ئەم بۆچوونەوە، باشتر وابوو کە نەك ئەم پشدێنە هەر بە پچڕاوی بمێنێتەوە، بەڵکو عیراق بە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ دوو پارچەکەی تری پشتێنەکە (سوریا و ئێران) بمێنێتەوە. دیارە لە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی‌دا ئەوە دەردەکەوێ کە جەنگی عیراق و ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨ ئەم ئامانجەی ئەمریکای بە باشی پێکا؛ بەبێ ئەوەی ئەوەم گوتبێ کە شەڕەکە پیلانێکی ئەمریکی لە پشتەوە بووبێت!

دەمەوێ هەر لەم پەیوەست(context)ەدا ئەوە بڵێم کە پێداگری بەردەوامی ئەمریکا لەوەی کە عیراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە وە تیایدا هاوسەنگیەکی سیاسی لەنێوان سوننە و شیعە لە لایەك وە عەرەب و کورد لە لایەکی دیکە پارێزراو بێت، تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خوێندنەوەیە؛ واتە تا بکرێ عیراق خاڵی هەرە لاواز بێت لەو هیلالە شیعیەدا وە پرۆژەی ئێران سەد لە سەد سەرکەوتوو نەبێت لە توکمەکردنی هیلالەکەدا. دیارە پێداگری ئەمریکیەکان (لە دوانزە ساڵی رابردوودا – واتە لە دوای کەوتنی رژێمی سەددامەوە) لەوەی کە کورد دەبێ لە چوارچێوەی عیراقدا بمێنێتەوە دەربڕ و چڕبوونەوەی خواست و هەوڵی ئەمریکا بووە بۆ ئەوەی عیراق بە تەواوەتی نەکەوێتە دەست شیعە. بە تایبەتی رۆڵی ئەمریکا لە پێکهێنانی حکومەتی عەبادی، دیسان چڕبوونەوەیەکی دیکەی هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بوو بۆ هێشتنەوەی عیراق بە یەکپارچەیی لە رێگای پاراستنی هاوسەنگی مەزهەبی و ئیتنی، بەم شێوەیەش مسۆگەرکردنی ئەوەی کە عیراق بە تەواوەتی نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شیعە ( تۆ بڵێ نەکەوێتە ژێر هەژمونی ئێران).

هەر لێرەشەوە دەتوانین بە ئاسانی ئەوە بڵێین کە پشتگیریە سنووردارەکەی ئەمریکا لە کورد، وە پشتگیریەکی زێتریش لە عەرەبی سوننەی عیراق (دوای کەوتنی رژێمی سەددام) ئامرازێکی کاریگەر بووە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی شیعە لە عیراق. لەم پرۆژەیەدا ئەمریکا تا رادەیەکی کەم "سەرکەوتوو" بووە، هەر وەك چۆن بەریتانیەکان لە دامەزراندنی عیراقدا "سەرکەوتوبوون" لەوەی کە ئەو وڵاتە نەکەوێتە دەست شیعە؛ ئەگەرچی خودی پرۆژە ئەمریکیەکە، واتە هێشتنەوەی عیراق بە یەکپارچەی بەبێ هەژمونی شیعە زۆر گران لەسەر خودی ئەم پێکهاتانە، واتە کورد و سوننەی عەرەب، کەوتووە، بەو واتایەی کە بەشێکی زۆری بەرهەڵستکاری بەرامبەر هەژمونی شیعە لە عیراق بە کورد و سوننەی عەرەب "سپێردراوە" یا لە رێگەی ئەوانەوە بەجێ دەگەیێندرێت. بەڵام ئێستا لەوەدەچێ چیتر ئەمریکا لە قۆناغی دوای داعش بە ئاسانی نەتوانێ هاوسەنگییەکان لە عیراقدا (لە شێوە کۆن و تەقلیدیەکەیدا) راگرێ.

## داگیرکردنی موسڵ و مەسەلەی کورد

هێشتان زووە بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی ورد و دروست لەسەر بابەتی داگیرکردنی موسڵ (لە لایەن داعشەوە) بگەین وە بە ئاسانی بتوانین وەڵامێکی تەواو بۆ پرسی شکستی لەشکری عیراق بدەینەوە. بەڵام لە هەوڵێکی سەرەتاییدا دەتوانم بڵێم کە ئەم پێشڕەویەی

داعش فەراهەم بوو بە هۆی: ١) سودوەرگرتنی داعش لە نارەزایەتیەکانی سوننە؛ ٢) لاوازی هێزی سەربازی عیراق؛ ٣) شێوەیەك لە شێوازەکانی پاشقولگرتنی لایەنێك لە ناو هێزی سەربازی (یا لە ناو دەسەلاتی سیاسی لە عیراق) لە لایەنەکەی تر؛ ٤) گومانی تێدا نیە کە، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی پێشوودا، داعش و بەعس بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوکاری یەکتر بوون. بەم واتایەش دەکرێ کەوتنی موسڵ لە چوارچیوەی جۆرێك لە هاوپەیمانی نێوان داعش و بەرهەڵستکاری سوننی بووبێت، زۆر بە تایبەتیش رۆلی بەعس لەم بارەیەوە ناوەندی و گرنگ بووە. بەلام بە بۆچوونی خۆم دوای کەوتنی موسڵ لە نیوان بەعس و داعش (وە سوننە و داعش بە گشتی) شێوازیك لە شێوازەکانی دابڕان و بگرە تەنگژەش لە ئامانج و ئاراستەدا سەریهەڵداوە.

بە هەر حاڵ بە ئەگەری زۆرە ئێستاش بەعس چاوی لەوەیە، وە بگرە کاریش بۆ ئەوە دەکات، کە سوود لە تواناکانی داعش وەرگرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر دەسەلات لە عیراق بگرێتەوە دەست. دەکرێ شەڕ لەسەر بەغدا پرسێکی هەرە یەکلاکەرەوە بێت بۆ ئەم پەیوەندیانەی نێوان بەعس و داعش، جا چ ئەم یەکلابوونەوەیە خوێناوی و بە لادانی لایەکەی تر تەواو دەبێت، یا لە ریگای شێوازێك لە لەیەکترگەیشتن. دوور نیە رۆلێکی زێتر و چالاکانەتری ئێران لە شێوەی بەشداریەکی راستەوخۆ لە شەڕ لە عیراق ببێتە یەکێك لە هۆکارە یەکلاکەرەوەکانی نزیك بوونەوەی زیاتر و بگرە هاوپەیمانیەکی ئاشکرای بەعس و داعش، بە گشتیش لە نێوان داعش وە سوننە لە عیراق لە لایەکی دیکە. بەم واتایەش، ئەگەرێکی بەهێزە ئەوەیە کە رۆلێکی ئاشکرا و هێرشبەرانەی ئێران لە عیراق بە زیانی خودی ئێران تەواو ببێت!

راستەوخۆ دوای داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، دارمان و تێکشکانی هێزی سەربازی عیراق بە ناوچەکانی تری سوننەنشیندا بلاوبوویەوە، هاوتەریبیش پێشڕەویەکانی داعش بووە هۆی داگیرکردنی زۆر ناوچەی تر لە لایەن ئەم ریکخراوە توندڕەوەوە. ئەم رووداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەش لە لای خۆیەوە بکەوێتە پێشڕەوی، وە یەکێك لە لێکەوتەکانی ئەم پێشڕەویە ئەوە بوو کە پێشمەرگە زۆرێکی لە ناوچە دابڕێنراوەکان گەڕاندەوە. لەڕاستیدا کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە لە لایەن پێشمەرگەوە زێتر لە ئاکامی دارمانی هێزی سەربازی عیراق بوو تا هەر شتێکی تر. بە واتایەکی تر ئەم پێشڕەویە بە زەرورەت دەربڕی هێز و توانای پێشمەرگە نەبوو!

رەهەندێکی ئەم پێشڕەویەی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕاوەکان ئەوە بوو کە هەندێك شت روویدا وایانکرد کە یەکێك لە گەورە ئایەتوڵلاکانی شیعە بڵێت: *قەبوڵی ناکەین کورد لەسەر زامەکانمان هەڵپەڕێ*. . . یەکێ لەو شتانەی، بۆ نموونە، روویدا ئەوە بوو کە بە ئاشکرا پێشمەرگە ئالای عیراقی هێنایە خوارەوە وەك ئەوەی کە ئەم هێزانە چووبێتنە ناو خاکی ولاتێکی تر کە لە حاڵەتی شەڕدایە لەگەڵیدا، نەك ولاتێك کە تۆ لە رێگەی دەستورێکەوە پێیەوە بەسترابیتەوە؛ دەستورێك کە کورد خۆی دە ساڵ بەر لە ئێستا لە ریفراندەمێکدا رەزامەندی لەسەر دەربڕی. بە بۆچوونی خۆم ئەم گوزارشەی کەسایەتیەکی شیعە گوزارشت بوو لە دەربڕینی هەستێکی گشتی و بەرفراوانی شیعی. ئەم رووداوانە

دەکرێ بۆ داهاتوو کاریگەری نەرێنی (نێگەتیڤ) بەجێبهێڵێ لەسەر پەیوەندیەکانی شیعە و کورد!

جگە لەوەش هەر زوو لە سەر پانتایی سیاسی باشووری کوردستان (رەسمی و نارەسمی) بۆچوونێك لە لایەن دەسەڵاتەوە سەریهەڵدا ئەویش ئەوەبوو کە ئیتر ناوچە دابڕێنراوەکان گەڕانەوە باوەشی کوردستان وە کوردیش لەو ناوچانە ناکشێتەوە. بەڵام هەرزوو لە دیمانەیەکی پێگەی مالمۆ- کوردا لە ٢٩-٦-٢٠١٤ گوتم کە ئەم مەزەندە و خوێندنەوەیە دروست نیە، چونکە زۆر بە سادەیی لەگەڵ روحی دەستوری عیراق یەکانگیر نیە؛ دەستورێك کە کورد خۆی ئیمزای کردوە، واتە لە رێگای ریفراندەم خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ داوە.[11] جگە لەوەش، لایەنی کوردی بەردەوام ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە ئەوە دەسەڵاتدارانی عیراقن (تۆ بڵێ عیراقی عەرەبی)ن کە دەستور پێشێل دەکەن، بەڵام چۆنە لایەنی کوردی خۆی ئەو دەستورە "پێشێل" بکات: (*پێشێلکردنی دەستور شانبەشانی هەڵپەڕین لەسەر برینەکانی ئەوانی تر!*).

## هەڵچوونێکی سیاسی

تەسەورێکی هەڵە لە رووداوەکان، راستەوخۆ دوای کەوتنی موسڵ و پێشڕەویەکانی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەوە بوو کە بۆ نموونە مەسعود بارزانی هەر زوو گووتی ئیتر مادەی ١٤٠ وەك ئەمری واقع جێبەجێ بووە وە چیتر پێویست ناکات باسی ئەم مادەیە بکەین. بەڵام دواتر دەرکەوت کە هەرنەبێ بۆچوونی یەکێتی نیشتمانی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بوو، یا لەباشترین حاڵەتدا زۆر جیاواز بوو لێی. بە هەر حاڵ، هەر زوو لایەنی کوردی پاشەکشەی لەم بۆچوونەی مەسعود بارزانی کرد وە جارێکی تر مادەی ١٤٠ی کردەوە بە بەشێکی سەرەکی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا.

بۆچوونێکی تری هەڵە ئەوەبوو کە گوایە داعش هێرش ناکاتە سەر کوردستان! لایەنی پارتی لە دەسەڵاتدا زێتر هەڵگری ئەم بۆچوونە بوو، نەك یەکێتی نیشتمانی. دەکرێ هۆکارێکی ئەم بۆچوونەش ئەوە بووبێ کە پێشتر جۆرێك لە لەیەکگەیشتنێك لە نێوان پارتی و سوننە (بەتایبەتی بەعس) هەبووبێ، بەڵام لە قۆناغێکدا بە هۆی کێشەکانی ناو "هاوپەیمانی" داعش و سوننە (بە تایبەتی بەعس)، یا بە هۆی گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراو لە ئاراستە ستراتیژیەکانی داعشدا، لێکپچڕانێکی سوننی لەگەڵ داعشدا روویدابێت.[12] دواجار بە ئەگەری زۆر هەر ئەم لێکدابڕانەش وایکردبێ کە داعش ئاراستەی هێرشەکانی بەرەو کوردستان بگۆڕێ!

---

[11] https://www.youtube.com/watch?v=MaowC5Wnmwc&feature=youtu.be

[12]: بۆ بۆچوونێکی ئەوها، بۆ نموونە، بڕوانە
https://www.youtube.com/watch?v=MaowC5Wnmwc&feature=youtu.be
لە لایەکی دیکەوە لەوە دەچێ کە بۆچونێکی جێگیر بەر لە داگیرکردنی شنگال لە لای سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووبێ کە داعش هاتووە بۆ ئەوەی "شەڕ دژی مالکی و شیعە بکات" نەک کوردستان. بۆ نموونە نوری مالکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عیراق، لە زیاتر لە بۆنەیەکدا جختیکردۆتەوە کە بە تایبەتی مەسعود بارزانی هەڵگری بۆچوونێکی ئەوها بووە. بڕوانە، بۆ نموونە:
http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=13922&Jor=2, accessed 8-12-2014

ڕەهەندێکی تری کاردانەوەی لایەنی کوردی بە هۆی داگیرکردنی موسڵ ئەوەبوو کە هەر زوو هەندێك لە بەرپرسە هەرە باڵاکانی کوردستان ئەوەیان ختجکردەوە کە ئیتر دوای ئەو ڕووداوە عیراق، بە تایبەتی پەیوەندییەکانی کورد و بەغدا، کەوتە قۆناغی "دوای موسڵ". پەیامێکی ئەم بۆچوونەش ئەوەبوو کە ئیتر دوای داگیرکردنی موسڵ ناکرێ پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ بەغدا هەر لەسەر بنەماکانی بەر لە داگیرکردنی ئەو شارە بەردەوام بن. هەر زوو، لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە، مێژووی پەیوەندیەکانی کورد و بەغدا کرایە دوو بەشەوە: *بەر لە داگیرکردنی موسڵ* وە *دوای داگیرکردنی*، بە واتای ئەوەی کە ئیتر کورد بە چوارچێوەکانی قۆناغی بەر لە داگیرکردنی موسڵ ڕازینابێت.[13]

لە لایەکی ترەوە، هەر زوو بۆچوونی خۆم وابوو کە بۆچوونی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، کە گوایە ئیتر باشووری کوردستان دوای داگیرکردنی موسڵ قۆناغی پێش موسڵی تێپەڕاندوە، لە باشترین حاڵەتدا خوێندنەوەیەکی نادروست و خۆشبینیەکی بێ بنەما بوو. بە واتایەکی دیکە، ئەم خوێندنەوەیە زیاتر پەرچەکردارێکی بە پەلە بوو، هەروەها حوکمدان بوو لە مەسەلەیەکی گرنگ لەسەر بنەمای هەست و نەست، نەك خوێندنەوەیەکی ڕاستگۆیانە و عەقڵانی لە سیاسەت و ڕوانگەکانی.[14]

لە ڕاستیدا هەر زوو نادروستی ئەم بۆچوونەی دەسەڵاتداران دەرکەوت، بەو مانایەی کە بەشداری کورد لە حکومەتەکەی (حەیدەر عەبادی)دا، لە قۆناغی دوای موسڵ، نەك هەر لە پێگەیەکی بەهێزترەوە نەبوو، بە بەراورد بە بەشداریەکانی پێشتری، بەڵکو بگرە ئەو بەشداریە نسکۆیەکی سیاسیش بوو: لە ڕاستیدا کورد بە چۆکداداوی و بێچارەییەوە ئەم هەنگاوەی هاوێشت.[15]

گرنگە لێرەدا ئەوەش جختبکەینەوە کە ئەم چۆکدادانە نابێ هەر بخرێتە چوارچێوەی شکست و کارەساتی شنگال و لاوازی پێگەی کورد دوای ئەو ڕووداوە، بەڵکو باشتر وایە ئەم لاوازیە بخەینە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە. بۆ تێگەیشتن لەم پێگە لاوازە پێویستیمان بە تێڕامان و خوێندنەوەیە لە سەروبەری ئەو سیستەمە سیاسیەی کە لە عیراقی دوای سەددام هاتە کایەوە، کە هەر کورد خۆیشی لایەنێکی چالاکی بەرهەمهێنانی ئەم سیستەمە بوو. بەبێ ئەوەی لێرەدا بچمە ناو وردەکاریەکانی ئەم بابەتەوە، گرنگە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوە بڵێین کە ئەم سیستەمە دواجار لە باشترین حاڵەتدا لەسەر بنەمای *کەمینە* و *زۆرینە* دامەزراوە (کورد کەمینە و لایەنی عەرەبیش زۆرینە). هەر ئەم ڕاستیەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە چەندە ئاسان بوو بۆ لایەنی زۆرینەی عەرەبی (بە سوننە و شیعەوە) کە چۆك بە کورد (کەمینە) دابدات، لە ئاکامی بڕیارێکی هاوبەشی سوننە و شیعە کە بڕیاری پێشوەختەیان دابوو کە "هەتا بەبێ

[13] بۆ نموونە، بڕوانە: http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=3580&LinkID=4

[14] بۆ ئەم بۆچوونەی نووسەر بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=MaowC5Wnmwc&feature=youtu.be

[15] ئەو هەواڵانەی کە دەربارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ٢٠١٤/٩/٨ی "سەرکردایەتی سیاسی کورد" بڵاوکرانەوە ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە بڕیاری بەشداری لە حکومەتی عەبادی، بڕیارێکی بێبژاردەیی و بێچارەیی بوو. بۆ نموونە بڕوانە:
http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=22598 accessed 17-10-2014

بەشداری لایەنی کوردیش ئەوان حکومەت هەر پێکدەهێنن".[16] ئاکامی ئەم هەڵوێستەش ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە کە لە "بێ چارەیی" واتە بەبێ بوونی هیچ ئەلتەرناتیڤێك لە بەردەم کوردا، بەرامبەر ئەم *دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە،*[17] لە دوا چرکەدا پەرلەمانتارە کوردەکان چوونە ناو هۆڵی پەرلەمان وە دەنگیان بە حکومەتەکەی عەبادی دا.

دوای ئەم رووداوە، جارێکی تر لایەنی کوردی دەرفەتێکی تری هەیە کە بۆ تێگەیشتن لە حاڵەتی بنبەست و پەیوەندیەکی پڕ لە تەنگژە و قەیراناوی لەگەڵ بەغدا پەنا بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر ببات لەبەرەورووبونەوەی عیراقی عەرەبیدا (واتە عیراق بەبێ باشووری کوردستان). بیرکردنەوەیەکی جیاوازتریش لەسەر بنەمای پێداچوونەوە دەبێت بە تەواوی پەیوەندیەکانی کورد و بەغدا. راستیەکەش ئەوەیە کە لەسەر بنەمای دەستووری عیراق کورد بەر لە، کەم یا زۆر، دە ساڵ بەوە رازی بوو کە دەسەڵاتەکان لەگەڵ بەغدا بەشبکات: دەسەڵاتی نەتەوەیەك (واتە دەسەڵاتی کورد) بەسەر چارەنووسی خۆیدا کەمکراوەتەوە لە رێگای دەستورەوە کە ئەویش *باڵادەستی نەتەوەی زۆرینەیە* لە بڕیارە هەرە گرنگەکان، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە سەروەری نیشتمانی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوە. بەم پێیەش کورد خۆی بەوە "رازیبووە" کە بکەوێتە ناو گەمەیەکەوە کە تیایدا کورد کەمینەیە و بەم پێیەش لە هەموو ئەو مەسەلانەی کە بەبێ چارەسەری ماونەتەوە و لەو مەسەلانەشی کە لە دەستوردا یەکلاینەکراونەتەوە، شەڕێکی بەردەوامی تەفسیر و دژەتەفسیر لە نێوان کورد و بەغدا هەیە. چاوەڕوانکراوە کە زۆر جار کورد دووچاری غەدری ئەو *دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە* ببێتەوە، کە پێشتریش لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا دووچاری بۆتەوە. ئەوەتا لە بەشێکی زۆری ساڵی ٢٠١٤دا کورد کەم یا زۆر نانبڕاو کرا لە لایەن بەغداوە: هێما و دەربڕی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و دکتاتۆریەتی زۆرینە!

دەرئەنجامێکی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە تا کورد لە چاچێوەی عیراقدا مابێتەوە (ئەو چوارچێوەیەی کە تیایدا نەتەوەی سەردەست خاوەنی پێگەیەکی بەهێزترە لە بڕیاری سیاسیدا) ئەوا دەبێ کورد لە حاڵەتی بگرە و بەردە، بنبەست و قەیران و ململانێی بەردەوامدابێت لەگەڵ بەغدا. هەر لێرەشدا دتوانم بڵێم کە هۆکارەکانی بەرەورووبوونەوەی سەربازی لە نێوان کورد و بەغدا، دوای رووداوەکانی ئەم چەند مانگانەی دوایی، زێتر بوون و کەمتر نەبوونەتەوە. ئەوەشی کە "نوێیە" وە پێویستە لایەنی کوردی بە نیگەرانیەکی زۆرەوە لێی نزیکببێتەوە ئەوەیە کە شیعە لە رێگای ناردنی هێزەکانی بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، بە تایبەتی ناوچەی کەرکوك، هەڕەشەکانی خۆی لە "دوورەوە"

---

[16] هەرنەبێ دوو نموونەی تری زەق هەن لە خۆسەپاندنی لایەنی عەرەبی لە پەرلەمانی عیراق، چونکە زۆرینە بوون بەرامبەر بە "کەمینەی" کوردی. یەکەم یاسایەکی گرنگ دەربارەی کەرکوک کە ناسراوە بە یاسای ژمارە ٢٣ لە رێگای زۆرینەی عەرەبیەوە بەسەر کوردا سەپێندرا؛ دوەمیشیان تێپەڕاندنی بودجەی ٢٠١٤، لەگەڵ ئەوەشی کە کورد هۆڵی پەرلەمانی جێهێشت وەك هەڵوێستێك دژی دەنگدان بە بودجەکە.

[17] بۆ خوێندنەوەی هەندێک توێژینەوە و دیمانە دەربارەی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە دوای کەوتنی رژێمی سەددام هاتە کایەوە وە رۆلی کورد لەو بارەیەوە، بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *عیراقی دوای سەددام و چارەنووسی باشووری کوردستان: کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن*، دهۆك، مەتین ٢٠٠٨. ئەوەی بە تایبەتی لە بەشێك لەو توێژینەوە و دیمانانەدا جخکراوەتەوە ئەوەیە کە ئەو سیستەمەی بەرهەمهات سیستەمی *دکتاتۆریەی زۆرینە (ستەمکاری زۆرینە)ی* عەرەبی بوو، بەڵام لە رێگەی دەستور و ئامرازی "دیموکراتیانەوە"!

هێنایە ناو ماڵی کورد، نەك هەر بەر دەرگای کورد. نەك هەر بە ئەگەریش، بەڵکو تا رادەیەکی زۆر دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەم *هێرش و* پاڵەپەستۆ *شیعی- ئێرانیە* کە ئێستا لەسەر پێیە ئاکامی مەترسیداری دەبێ بۆ سەر ئارامی، ئاسایش وە یەکرێزی سیاسی لە باشووری کوردستان . . .!

## کارەساتی شنگال: هۆکار و دەرهاوێشتە

پێویستە لە سەرەتا ئەوە بگوترێ کە وشەی شنگال ئیتر بووە بە سیمبۆلێکی تری تراژیدیای کوردی، تراژیدیاکەش لە تەواوی شکستەکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان جیا ناکرێتەوە، هەر لە شنگال تا جەلەولا. جگە لەوەش هەر یەکسەر دوای کەوتنی شنگال هەڕەشەی جددی لەسەر کەوتنی هەولێر و دهۆکیش هەبوو: لە راستیدا دەکرا ئەم هەڕەشەیەی سەر هەولێر و دهۆك، *تەنها بە جیاوازی چەند کاتژمێرێك*، بە کارەساتێکی زۆر گەورەتر بۆ کورد تەواو ببێ.

شنگال شکستی سەروبەری دەسەڵاتی ٢٣ ساڵەی کوردی بوو؛ هەروەها پشتراستکرنەوەیەکی جددی بوو لە کلۆڵی ئەو دەسەڵاتە و کلۆڵی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم کارەساتە بوو بە سەلماندنێکی دیکە بۆ ئەو بۆچوونەی کە بەردەوام جختی لە پێداویستی بە دامەزراوکردن و بە نیشتمانیکردنی تەواوی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی کوردی کردۆتەوە، بە تایبەتی بەدامەزراوکردنی هێزی چەکداری لە کوردستان، یا راستتر و راشکاوانەتر بڵێین، هێزە چەکدارەکانی کوردستان (بەو واتایەی کە تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەم هێزانە نەك هەر هی دوو حیزبی سەرەکی دەسەڵاتن، بەڵکو بگرە زۆرێك لە سەرکردەکان یەکەی سەربازی (لیوا و فەوجی) تایبەت بە خۆیانیان هەیە). ئەمە جگە لەو راستیەی کە تا ئێستاش پانتایی نەتەوە لە باشووری کوردستان نەك هەر لە رەهەندی هێزی سەربازیەوە، بەڵکو لە زۆربەی زۆری رەهەند و کایەکانی حوکمڕانیەوە دابەشکراوە. لەمەش خەراپتر جگە لە دابەشبوونی دەسەڵات لە رووە رەسمی و بینراوەکەیدا، دابەشبوونێکی تری شاردراوە (قوڵ و نادیار) لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە، بە تایبەتی لە بواری چالاکیە ئابووریەکان وە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی لە دەرەوەی سنوورەکانی یاسا و رێسا رەسمیەکان، بە تایبەتی بوونی دوو دانە *ئابووری رەش* (بۆ نموونە کۆمپانیا وەهمیەکان)ی دوو حزبی دەسەڵات.[18]

دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کارەساتی شنگال وە دەرهاوێشتەکانی کارێکی هەر وا ئاسان نیە. بە هەر حاڵ لە مەڕ هۆکارەکانی ئەم کارەساتە، دەتوانین باس لە دوو شێوەی بۆچوون بکەین کە یەکێکیان هی دەسەڵاتە وە ئەوەی تریشیان هی دەرەوەی دەسەڵاتە.

هەر زوو دوای کارەساتی شنگال، لەو روونکردنەوانەی کە لە دەسەڵاتەوە دەرکەوتن بە شێوەیەکی تایبەتی دووانیان جێگەی سەرنجن:

[18] بۆ خوێندنەوەیەکی لەم جۆرە بە شێوەیەکی فراوانتر، بڕوانە د. بورهان أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەگەرەکان بە رووی داهاتوودا"، بە تایبەتی ل ٤-٦. ئەم بابەتە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ دا بڵاوبۆتەوە: http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

**أ-** جختکردنەوە لەوەی کە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال لە بەرامبەر هێرشی داعش "تاکتیك" بوو وە ئامانج لێی خۆڕێکخستنەوە بوو، بۆ ئەوەی دواتر پێشمەرگە خۆی هێرش بکاتەوە.

لەسەر مەسەلەی ئەو پاشەکشە "تاکتیکیە"، هەر زوو کاردانەوەی دەسەڵات، بە تایبەتی مەسعود بارزانی، ئەوە بوو کە لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی کارەساتەکە، بە تایبەتی دەستنیشانکردن و بە دادگا گەیاندنی ئەو بەرپرسە سەربازیانەی کە هۆکاری شکستەکە (تۆ بڵێ کشانەوە تاکتیکیەکە) بوون. بەڵام ئێستاش، دوای ئەم هەموو ماوەیە کە تێپەڕیوە بەسەر کارەساتەکەدا، خەڵکی کوردستان بۆی روون نەبۆتەوە کە ئایا بەرپرسانی ئەم کارەساتە کێ بوون وە راستی و دروستی ئەوەی بەسەر ئەم شارە و دەوروبەریدا هات چی بوو!

بە باوەڕی خۆم بەرپرسی سەرەکی دەشێ مەسعود بارزانی خۆی بێت، بە سیفەتی ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمیشە. جگە لەوەش هەر خۆیشی سەرۆکی پارتیە، ئەو حزبەی کە هەتا دوای کەوتنی شنگالیش "بە شانازیەوە" ئەوەی جختکردۆتەوە کە بەڵێ شنگال "زۆنی زەردە، واتە زۆنی پارتیە".[19] نەك هەر ئەوە، بەڵکو دواتریش هەندێك لە بەرپرسانی پارتی ئەوەیان دووپاتکردەوە کە پارتی خۆی بەرپرسە لە پلاندانان بۆ ئازادکردنەوەی شنگال وە دەرهێنانیشی لە چنگی داعش هەر بەرپرسیاریەتی ئەو حزبەیە. یەکێك لە سەرکردە سەربازیەکانی پارتی (عومەر عوسمان، ناسراو بە زەعیم عەلی) بە راشکاوی ئەم بۆچوونە جختدەکاتەوە و دەڵێت " پلانی رزگارکردنی ئەو بەشەی قەزای شەنگال کە ئێستا رزگارکراوە تەنها لەلایەن پارتیەوە ئەنجامدراوەو هەر ئەویش دەتوانێت بیپارێزێت، دەڵێت ئەو هێزەی یەکێتیش ئەگەر بەشداریان کردوە کەمبونو رۆڵیان نەبوە."[20] بەڵام جێگای سەرنجە کە بە پێی ئەم سەرکردەیە مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی سەرپەرشتی بەرەی جەنگی لە شنگال کردوە، نەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێم، کاتێك دەڵێت "پلانی رزگارکردنی شەنگال تەنها پارتی کردویەتی بە سەرپەرشتی سەرۆك بارزانی"[21]

لە لایەکی تریشەوە، دەبێ ئەوەش جختبکەینەوە کە شکستەکەی شنگال لە زەمەنێکدا روویدا کە تیایدا ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ بووەتە بەشێك لە دەسەڵات. لەوەش گرنگتر، لە کاتی روودانی کارەساتەکەی شنگال وەزارەتی پێشمەرگە، یا *راستتر بڵێین پۆستی وەزیری پێشمەرگە*، بە دەستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بوو. بە باوەڕی خۆم کەوتنی شنگال چەندە ئەزموونێکی تاڵی شکستخواردووی دەسەڵاتدارانی پێشووی پشتڕاست کردەوە، ئەوەندەش ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێی (کە ئەمڕۆ بەشێکە لە دەسەڵات) بەرەوڕووی ئەزمونێکی تاڵ لە

---

[19] ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی (هێمن هەورامی) بە شانازیەوە دەڵێ "شنگال هەموو کات قەڵای زەردی پارتی بووە، هەر بە زەردیش دەمێنێتەوە". بڕوانە:
accessed 13-9-2014http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=10360&Jor=1

[20] بڕوانە:
*http://hawlati.co/%d8%a6%db%95%d8%b1%d8%b4%db%8c%da%a4%db%95%da%a9%d8%a7%d9%86/63025*

[21] هەمان سەرچاوە.

حوکمڕانی کردەوە وە بەرەوڕووی تاقیکردنەوەیەکی کردەوە کە دەرچوون لێی هەروا ئاسان نیە. دەتوانین مەسەلەکە بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە: **١)** ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ خۆی خاوەنی ئەوەندە دەسەڵاتە نیە کە بۆ خۆی جڵەوی ڕووداوەکان بگرێتە دەست و بەرپرسیارەتیان هەڵبگرێ؛ **٢)** خەرابتر لەوە، هەر ئەو کاتە ئەم بەشەی دەسەڵات (واتە ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو) نەیتوانی پرسیاری "تاکتیکی کشانەوەیە" بوێرانە و بەبێ پەناو پێچ بەرەوڕووی پارتی، وە زۆر بە تایبەتی سەرۆکی ئەو حزبە مەسعود بارزانی بکاتەوە وە لەوە دەچێ ئێستاش و لە داهاتووشدا نەتوانێ ئەم پرسیارە بکا!

لێرەدا پێویستە بگوترێت کە مەسەلەی بەناو "کشانەوەی تاکتیکی" دەکەوێتە ملی وەزیری پێشمەرگەش، تا ئەو کاتەی کە خۆی بۆ رای گشتی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چەند، چۆن وە تا چ رادەیەك ئەم وەزیرە ئاگاداری ئەو کشانەوە تاکتیکیە بووە! بە هەردوو دیویدا پێویستە شتەکە ڕوونبکاتەوە: جا چ بە شداربووبێ لە بڕیاری کشانەوە یاخود بەبێ ئاگاداری ئەو بڕیارەکە درابێ!

بە باوەڕی خۆم ئەم پرسیارە هی ئەوەیە کە لە ئاستی هەرە باڵای سەرکردەکانی ئۆپۆسیۆزیۆنی پێشوو بکرێ و خودی مەسعود بارزانی بەرەوڕووی ئەو بەرپرسیاریەتە بکرێتەوە! ئەگەر ئەوەش نەکرێ، ئایا ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، ئامادەیە لە داهاتوودا باجێکی زۆر گرانی هەڵە، هەڵوێست و بڕیارە تەماویەکانی ئەوانی تر بدات، ئەو باجەی کە هەر زوو پێویست بوو، وە ئێستاش پێویستە ئەوانی تر کە *دەسەڵاتدار و بەرپرسی راستەقینەن*، بیدەن.

ئەم مەسەلەیە نەك هەر کێشەیە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ، بەڵکو مەسەلەیەکی گرنگە لە مەڕ ئەو پرسیارەی کە ئایا رۆڵ و ئاگاداری هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی پارتی (واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە بڕیار و کرداری کشانەوەکە چەند بووە: پێویستە ئەم حزبە بە راشکاوانەتر هەڵوێستی خۆی ڕوونبکاتەوە کە ئایا ئەم ئاگاداری و رۆڵە چۆن بووە و لە چ ئاستێکیش بووە، یا ئەسلەن یەکێتی هەر ئاگادار نەبووە!

**ب-** بەهانەی دەسەڵات کە گوایە چەکەکانی پێشمەرگە کۆن بوون: هەر زوو دوای کارەساتی شنگال، لەسەر زاری زۆرێك لە بەرپرسانی دەسەڵات پڕوپاگەندەی ئەوە کرا کە گوایە لەبەر ئەوەی چەکەکانی داعش مۆدێرنتر بوون وە بەو واتایەش چەکی پێشمەرگە کۆن بوون، هێزی پێسمەرگە نەیتوانی بەرگری بکات. دواتر بەرپرسانی هەرێم، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی، بە جختکردنەوە ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە گوایە داعش بە "چەکی دوو دەوڵەت" شەڕی کورد دەکات.

لە لایەکی دیکەوە دەتوانین ئاماژە بە بۆچوونی جیاواز لە هی دەسەڵات بکەین، بە واتای: **١)** بۆچوونی کەسانی شارەزا، ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە شکستی پێسمەرگە هی نەبوونی چەکی مۆدێرن نەبوو، بەڵکو بە هۆی زۆر فاکتەری دیکەوە بوو؛[22] **٢)** بە

---

[22] هەروەها لە دیمانەیەکدا لەگەڵ نووسەری ئەم وتارە لە هاوینی پار (٢٠١٤)، بەر لە داگیرکردنی شنگال، شارەزای بواری سەربازی فەریق سەروەر قادر بەرزنجی گومانی لەوە هەبوو کە پێشمەرگە لە توانایدا هەبێ بەرامبەر داعش بوەستێتەوە، وە بەهانەکەشی ئەوە بوو کە ئەو دیاردەیەی کە  لە ناو پێشمەرگەدا (کە هەفتەیەك لە دەوام بێت وە سێ هەفتە لەماڵەوە بێت) لە هێزی چەکداری وڵاتانی دیکەدا نیە. هەڵبەتە ئەمە تەنها

بەراوردێکی بە پەلە لەنێوان هێزەکانی خۆرئاوای کوردستان (بە تایبەتی لە حاڵەتی بەرخودانی بێوێنەی شەرڤانان لە کۆبانێ) لە لایەك وە لەلایەکی ترەوە جێهێشتنی شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەبێ هیچ بەرگریەك، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نە لە رووی ژمارە، چەك وە نەش لەڕووی لۆجیستیەوە هیچ بەراوردێك نیە لە نێوان ئەو هەموو توانستەی پێشمەرگە لە چەك و کەرەسەی شەڕ و توانا لۆجستیەکان وە ئەو توانا زۆر *سنووردارەی* کە شەڕڤانان لە خۆرئاوا هەیانبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جیهان نەك هەر کورد خۆی شاهێدی ئەو هەموو بەرخودانە سەرسوڕهێنەرە بووە کە هێزەکانی خۆرئاوای کوردستان کردویانە و دەیکەن؛ ٣) بۆچوونێك کە دەمێکە لە بواری تیوری جەنگدا جختی لەسەرکراوەتەوە ئەوەیە کە جەنگ دوو رەهەندی سەرەکی و هەرە گرنگی هەیە، یەکێکیان رەهەندی چەك، تەکنۆلۆژیای جەنگ و لایەنی لۆجیستی، بەڵام رەهەندەکەی تریان تەواو جیاوازە، کە ئەویش ئەو "ریکخستنە کۆمەڵایەتیە" ( social organization)ەیە کە جەنگ پشتی پێ دەبەستێت، واتە ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتیەیە کە دەبێتە قوڵایی و پشتگیر بۆ جەنگەکە وە هەر لەو قوڵاییەش هێز و وزە بە ماکینەی جەنگ دەدرێ. لەراستیدا نەك هەر هێز و وزە بە مانا فیزیکی (یا ماددی)ەکەی، بەڵکو ئەم رێکخستنە کۆمەڵایەتیە چوارچێوەیەکیشە بۆ خەملاندنی گوتاری جەنگ و رەواییدان بە جەنگ وە هەروەها مۆبیلیزەکردنی توانا مرۆییەکان، بە بەهانەی بەرگری لە سەروەری و ئاسایشی نیشتمانی و هەندێك بەهای گرنگ کە بنەمای ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتیەن (وەك بۆ نموونە دەوڵەتی مۆدێرن).[23]

جگە لەمەش، دەبێ بە جختکردنەوە ئەوە بگوترێ کە رووداوەکانی شنگال و ئەو قەیرانە ئابووری و بنبەستە سیاسیەی کە هەرێم لەگەڵ بەغدا تێیکەوتووە، بە جوانی ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە مەسەلەی کوردستانی سەربەخۆ تەنها هەڵدانی دروشم نیە و تەنها و تەنهاش بە بزواندنی *هەست و سۆزی* خەڵکی کوردستان نایەتەدی. ئەم شکستە و کۆی قەیران و کێشەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە مەسەلەی سەربەخۆیی *دەبێ بە ناوەڕۆك بکرێ* وە لە بۆچوونێکی فرەڕەهەندی و فرەئاستیدا وردبوونەوە و تێگەیشتن و ئامادەکاری بۆ بکرێ.[24]

ئەوەی لە شنگال رویدا زەربەیەکی کوشندە بوو لە بیرۆکەی جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە عیراق و راگەیاندنی ئەو بەشەی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەك

---

بەهانەیەکە وە زۆر هۆکاری دیکە بۆ شکستی هێزی پێشمەرگە هەن کە مرۆڤ دەتوانێ باسیان لێوە بکات، کە گرنگترینیان بە نیشتمانینەبوون و بەدامەزراونەبوونی ئەو هێزە چەکدارەیە.

[23] بۆ بۆچوونێکی ئەوها، بۆ نموونە، بڕوانە:

Harry Holbert Turney-High, *Primitive War; Its Practice and Concept*, Columbia, University of South Caroline Press, 1971.

[24] بە باوەڕی خۆم وتارەکەی رێکخەری گشتی بزاڤی گۆڕان (نەوشیروان مستەفا)، بە بۆنەی نەورۆزی ٢٠١١، هەوڵێکی جددی بوو بۆ بە ناوەڕۆککردن و بە کێشە بینینی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان وە هەوڵێکی گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن لەو کێشانەی کە پەیوەندیان بە بڕیار و راگوزەری بەدەوڵەتبوونەوە هەیە. ئەم راگەیاندنە دەکرێ بە زۆر شێوە بخوێندرێتەوە وە تێگەیشتنی بۆ بکرێ. یەکێك لەو شتانەی کە بە زەقی لە وتارەکەدا دەردەکەوێ ئەوەیە کە ئیتر مەسەلەی بەدەوڵەتبوون تەنها بە بزواندنی هەست و نەستی جەماوەر ناکرێ. لە راستیدا دەکرێ بزواندنێکی ئەوها زۆریش مەترسیدار بێت بۆ پرۆسەی بە دەوڵەتبوون.

هەر لە واتا جوگرافیەکەیدا (واتە لەدەستدانی هەندێ شوێن)، بەڵکو لە ناخ و ماهیەتی بیرۆکە و مەرجەکانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆدا. هەرچەندە ئەم نوسراوە خۆی لەوە بەدور دەگرێ کە لەم بارەیەوە بە دوور و درێژی شێوازی چارەسەر بخاتەڕوو، بەڵام ئەوەی کە دەکرێ بە پەیوەندی لەگەڵ تێبینیەکانی سەرەوە بیڵێین ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم (وەك پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی- سیاسی و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی فرەڕەهەند) ئەو کاتە سەرکوتوو دەبێ کە توانیبێتی کۆمەڵگایەکی مرۆیی (تۆ بڵێ نەتەوە بە واتا کلتوریەکەی) واتە لە حاڵەتی بەیەکەوەگرێدان لەسەر بنچینەی هەست و نەست و مێژووی هاوبەش و... هتد بگوازێتەوە بۆ حاڵەتی بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی لە شێوازی دەوڵەتی مۆدێرندا. ئەم سەروەریەش ئاوێتەبوونێکی فرەڕەهەند و ئۆرگانیکیە لە نێوان ریکخستنی کۆمەڵایەتی (تۆ بڵێ نەتەوە بە واتا سیاسیەکەی) لە لایەك وە پانتایی و فەزای جوگرافی نەتەوە، کە پێی دەگوترێ نیشتمان، لە لایەکی ترەوە. هەڵبەتە باشترین شێوازی ئەو ئاوێتەبوونەش لە نێوان فەزای جوگرافی و فەزای کۆمەڵایەتی بوونی دەستورێکی پێشکەوتووە کە لە ناوەڕۆکیدا، بۆ نموونە، حوکم و سەروەری یاسا، مافی مرۆڤ، ئازادیەکان، هاوڵاتیبوون و بەها دیمۆکراتیەکانی بەرجەستە و پارێزراو بێت. تا ئێستا دەستورێکی ئەوها لە کوردستان نیە و بەوەش دەتوانین بڵێین هێشتان میکانیزم و چوارچێوەی ئاوێتەکردنی ئەو دوو فەزایە (جوگرافی و کۆمەڵایەتی) بوونی نیە، بەو مانایەش ئەمە لاوازیەکە لە بوونی دەسەڵاتی کوردیدا، لە حاڵەتی ئاشتی و جەنگدا بەڵام لە حاڵەتی جەنگدا ئەم لاوازیە زیاتر رەنگدەداتەوە.

### تورکیا: شنگال و رووداوە پەیوەندیدارەکان

داگیرکردنی شنگال و هەندێ ناوچەی دیکە لە لایەن داعشەوە، وە هەتا بگرە دروستبوونی مەترسیەکی جددیش لەسەر کەوتنی هەولێر و دهۆك، لە زۆر رووەوە زەنگێکی یەکجار مەترسیدار بوو.

دەشکرێ بڵێین کە کەوتنی شنگال و بەسەرهاتی کوردە ئێزدیەکان، لە واتا و ڕەهەندە ستراتیژیەکەی (بە واتا سەربازی و سیاسیەکەی)، کارەساتەکەی ئاداری ١٩٧٥ی بیرخستینەوە. لەم بەراورد و بیرخستنەوەیە، مەبەستمە زۆر بە کورتی بڵێم کە بەسەرهاتی شنگال شکست و دارمانی کۆمەڵێك "وەهم" بوو، هەر وەك چۆن نسکۆی ١٩٧٥یش دارمان و واڵابوونی کۆمەڵێك *وەهم* بوو.

بەم واتایەش، کارەساتەکەی شنگال و رووداوە پەیوەندیدارەکان، تا رادەیەکی زۆر دووبارەبوونەوەی تەرتیباتە ستراتیژیەکانی خەباتی چەکداری بوو، هەرچەندە زەمەنێکی زۆر بەسەر خەباتی چەکداریدا تێپەڕیوە و بە قسەی زۆرێك لە سەرکردەکانی باشووری کوردستانیش زەمەنی خەباتی چەکداری بە تەواوەتی بەسەر چووە.[25] بە پێی ئەم

---

[25] مەبەست لە تەرتیباتە ستراتیژیەکانی خەباتی چەکداری ئەو پێکهاتە بازنەییەیە کە لە نێوان جوڵانەوەی چەکداری کوردی لەلایەك وە رژێمێکی داگیرکاری کوردستان لە شێوەی هاوپەیمانیەکی بازنەیی (تۆ بڵێ هاوپەیمانیەکی ناموقەدەس) دروست دەبێت. بە واتای ئەوەی کە نیوەی بازنەکە لەو هاوپەیمانیەدا لە جوڵانەوەیەکی "ئازادیخوازی" پێکدێت، بەڵام نیوەکەی تری بازنەکە وابەستەیی، خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمکردنی

بۆچوونە (تۆ بڵێ بەراوردە) بە تایبەتی خەسلەتێکی سەرەکی ئەزمونەکانی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٦١ تا ١٩٧٥) وە (١٩٧٦ تا ١٩٨٩) وە دواتر لە باکووری کوردستان لە (١٩٨٤ تا ١٩٩٩) کۆ دەکاتەوە: لەلایەکەوە جوڵانەوەکە ئازادیخوازە و جەنگی بەرامبەر بە داگیکار بەرپا کردوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەمان ئەم جوڵانەوەیە "ئازادیخوازە" تا سەر ئێسقان وابەستەیە بە داگیرکارێکی دیکەوە. بە پێی ئەم تێڕوانینە تیوریە، دوێنێ لە باشوور لە نێوان شای ئێران و بارزانیدا، ئایەتوڵلاکان و جوڵانەوەی چەکداری باشوور و لە نێوان رژێمی ئەسەد و (پ ك ك)دا، وە لەگەڵ رووداوەکانی شنگال و هەڕەشەکانی سەر خودی هەولێر و دهۆك لە نێوان پارتی و تورکیادا. دەڵێم لە نێوان پارتی تورکیا، چونکە:

**١)** هەر لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە، زۆر بە تایبەتی دوای کەوتنی رژێمی سەددام، پەیوەندیەکی تاکلایەنە لە نێوان پارتی و تورکیادا پەرەیسەندووە. بە واتایەکی تر، ماوەیەکی زۆرە کە لە نێوان باشووری کوردستان (تۆ بڵێ پارتی دیموکراتی کوردستان) و تورکیا شێوەیەك لە "هاوپەیمانێتی" رانەگەیەندراوی هەمەلایەنە دروست بووە. لە ماوەی چەند ساڵی کەمی رابردووشدا ئەم پەیوەندیانە هەندێك مەدای ستراتیژی هەستیاریان وەرگرتووە، لە پێش هەمووشیانەوە پەیوەندیە ئابووریەکان وە لەوێشدا زۆر بە تایبەتی فایلە هەرە هەستیار و مەترسیدارەکەی نەوت و گاز، کە ئێستاش لە دیوە کوردیەکەیدا فایلێکی تەماوی و ناڕوونە و هەر بە دەست پارتیشەوەیە.

هەڵبەتە بەشێکی کێشەکەش ئەوەیە کە ئیمرۆ وەك ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم[26] دوو هێزی سەرەکی لە کوردستان بوون بە درێژکراوەی دوو هێزی ئیقلیمی: ئیران و درێژکراوەی بەرژەوەندیەکانی و پەیوەندیەکانی لە قوڵایی باشووری کوردستاندا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وە لە لایەکی ترەوە بە هەمان شێوە تورکیا و درێژکراوەی بەرژەوەندیەکانی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان؛

**٢)** پەیوەندیەکانی تورکیا و پارتی لە مەسەلەی ئابووری دەرچووە و چووەتە خانەیەکی سیاسی زۆر هەستیارەوە کە ئەویش پەیوەندیداربوونی دوو فایلی باکووری کوردستان (بە

---

ئیرادەی جوڵانەوەکەیە بە داگیرکار. ئەمە یەکێک بووە لە دژایەتیە هەرە کوشندەکانی خەباتی چەکداری. ئەم شێوازی تیوریزەکردنەی خەباتی چەکداری نەک هەر یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە، بۆ نموونە، نسکۆی ١٩٧٥ و هەندێ شکستی دیکەی پشتشکێن، بەڵکو بوونی ئەم شێوە هاوپەیمانیە لە ماوەیەکی دورودرێژدا بۆتە هۆی بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی شێوازێک لە *کلتوری سیاسی* لە بزاڤی سیاسی کوردستاندا، کە کلتوری وابەستەییە بە داگیرکارەوە وە لە هەمان کاتدا *ڕەواییدانێکی مەترسیداریشە* بەو کلتوری وابەستەییە. ئەوە بۆ نموونە رێك ئەو کلتورەیە کە رێگا دەدات، یا راستتر بڵێین ڕەوایەتی دەدات، بە هێزێکی کوردستانی کە یارمەتی لە لەشکری ئەنفال (واتە لەشکری بەعس) وەرگرێ بۆ بە ناو "ئازادکردنی" هەولێر لە هێزێکی دیکەی کوردستانی. ئەم کلتورە سیاسیە هۆکارێکی گرنگ و ناوەندیە لە کلۆڵی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەگەر نا ئایا دەکرێ تۆ (هەر وەک پێشتر لە جێگا و بۆنەی دیکەدا گوتومە) تەنها پێنج دانە کەسی جوو پەیداکەیت کە *تەنها تەسەور بکەن* کە حزبێکی جوولەکە (یا ئیسرائیلی) یارمەتی لە لەشکری نازی بەسەرکردایەتی هیتلەر وەرگرێ بۆ "ئازادکردنی" تەلئەبیب لە دەستی حزبێکی دیکەی جولەکە؟ بۆ دوو باسی نووسەر دەربارەی بابەتی خەباتی چەکداری و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بروانە: د. بورهان أ. یاسین، *ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە.. سبەی مێژووە*، سلێمانی، ٢٠٠٢،لاپەڕە ١٠٥- ١٤٢ وە ١٤٣- ١٦٨.

[26] لە راستیدا نەک هەر لە ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵکو بگرە لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە کورد، بە تایبەتی ئیمارەتە کوردیەکان، بەسەر دوو هەژمونیدا دابەش ببوون، یەکێکیان سەفەوی (دواتر قاجاری) وە ئەوەی تریشیان عوسمانی.

تایبەتی پ ك ك) وە خۆرئاوای کوردستان، وە بگرە تێکەڵاوبوونی ئەم دوو فایلە لە قاڵبێکی یەکبووشدا. لە دوو دیدی جیاوازەوە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر یەکانگیر، تورکیا و پارتی هەردووکیان لە رۆڵی چالاکی پ ك ك لە خۆرئاوای کوردستان نیگەرانن. دیوەکەی تری گرنگی ئەم هاوکێشەیەش ئەوەیە کە پ ك ك نەیشاردۆتەوە کە خۆرئاوای کوردستان بۆ ئەو حزبە مەسەلەیەکی *"ستراتیژیکە"*. هەر بەم پێیەش ئەو بەیەکەوە گرێدانەی کە لە نێوان باکوور و خۆرئاوای کوردستان دروستبووە نەك هەر بۆ پ ك ك بەڵکو بە هەمان رادده، وە بگرە کەمێکیش زێتر، بۆ پارتی و تورکیاش گرنگە.[27]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بۆچوونی پارتی، بە تایبەتی لە بارەی خۆرئاوای کوردستان، زۆر لە بۆچوونی تورکیاوە نزیك بووە تا لە هی پ ك ك. بەم واتایەش دیوەکەی تری هاوکێشەکە ئەوەیە کە نەك هەر یەکانگیری نەبووە لە نێوان بۆچوونی پارتی و پ ك ك، بەڵکو بگرە دژایەتیەکیش هەبووە لە مەسەلەی خۆرئاوادا. ئەوەتا دوای رووداوەکانی کۆبانێ، یەکەم جار سالح موسلم بە رەسمی داوەتی ئەنقەرە دەکرێ وە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە ئەحمەد داودئۆغلودا کۆدەبێتەوە، بەڵام کەم یا زۆر، هەفتەیەك دوای ئەم کۆبوونەوەیە، ئینجا موسلم بانگهێشت دەکرێ بۆ سەردانیکردنی باشووری کوردستان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەسعود بارزانی. بە خوێندنەوەی خۆم بە پلەی یەکەم بەرخودانی شەرڤانانی رۆژئاوا و ئەو کاردانەوە نێودەوڵەتیانەی کە لەم بەرخودانە کەوتنەوە رێگایان بۆ موسلم خۆشکرد کە سەردانی باشوور بکا و لەگەڵ بارزانی کۆببێتەوە؛

**٣)** هەندێك لە راگەیاندنە رۆژنامەوانیەکانی دەسەڵاتدارانی باشوور (بە تایبەتی روونکردنەوەکانی مەسعود بارزانی و فوئاد حوسێن) رووی گلەییان لە تورکیا بووە، بەو واتایەی کە ئەم وڵاتە بەرامبەر بە کەوتنی شنگال و ناوچەکانی تر بێ هەڵویست بووە وە کاردانەوەی *چاوەڕوانکراوی* نەبووە.[28] بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستەکەی تورکیایان بەلاوە سەیر بوو، هەر وەك چۆن کاتی خۆیشی سەرکردایەتی ئەم حزبە بڕیاری شای ئێرانیان (بە پشتشکاندنی بزاڤی چەکداری لە ئاداری ١٩٧٥) لا سەیر بوو وە وەك "خیانەتێکی" شایان بەرامبەر بە کورد لە قەڵەمدا.[29]

---

[27] لەم بارەیەوە دەمەوێ بڵێم کە یەکێک لەو هۆیانەی وایکرد کۆنگرەی نەتەوەیی (کە بڕیار بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ ببەسترێ) دوابخرێ و دواتریش نەبەسترێ ئەوەبوو کە ئەگەری ئەوە هەبوو بۆچوون و رۆڵی تورکیا و پارتی لەو کۆنگرەیەدا دەربارەی چارەنووسی خۆرئاوای کوردستان و هەندێك مەسەلەی دیکەی گرنگ، وەك بۆ نموونە سەرۆکایەتی کۆنگرە، باڵادەست بێت. بەم واتایەش مەترسی پ ك ك ئەوە بوو کە ئەم باڵادەستبوونەی پارتی لە کۆنگرەدا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی رۆڵ و کاریگەری پ ك ك لە کۆنگرە و لەو بڕیار و تەرتیباتانەشی کە لە کۆنگرەکە دەکەوتنەوە.

[28] بۆ نموونە بارزانی دەڵێ "چاوەڕوانی زیاترمان لە تورکیا هەبوو". بڕوانە:
Jor=1&jmare=15510&http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal accessed 23-12-2014

[29] لە راستیدا سەیرە چمکی خیانەت بۆ داگیرکار و دوژمن بەکارببرێ. دواجار شای ئێران داگیرکاری بەشێکی تری کوردستان و دوژمنی سەرسەختی *کوردایەتی راستەقینە* بوو، تا بۆی کرا گەلی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو پرۆژەی ئاریانیزم (تۆ بڵێ فارسیزم)دا تواندەوە و هەر بە بڕیاری ئەویش کاتی خۆی سەرۆکی یەکەم کۆماری کوردستان لەسێدارەدرا. بە واتایەکی دیکە ئەوە شای ئێران نەبوو کە لە پڕێکدا لە داگیرکارێکی کوردستان بوو بە فریادڕەس، بەڵکو ئەوە بزاڤی چەکداری باشووری کوردستان بوو کە لەسەر بنەمای *وەهم*، *خوێندنەوەیەکی تەماوی و کلتوری سیاسی وابەستەیی* شای ئێرانی لە *داگیرکارەوە* کردبوو بە *فریادڕەس*!

بەڵام لەراستیدا، لانی کەم بە لای خۆمەوە، ئەم هەڵسوکەوتەی تورکیا چاوەڕواننەکراو نەبوو (یا راستتر بڵێین چاوەڕوانکراو بوو): زووتر، زۆر بەر لە کارەساتەکەی شنگال، هەرنەبێ لە دوو وتارمدا (٢٠١٢) وە لە گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ یەکێك لە بەرپرسە سیاسیە هەرە باڵاکانی باشووری کوردستان (لە ئۆگۆستی ٢٠١٣) مەترسی ئەوەم خستۆتە روو کە ئەگەر هەیە تورکیا لە ناکاو شتێك بکات (هەروەك ئەوەی شای ئێران کردی لە ١٩٧٥دا) و بەم شێوەیەش شکست بە دەسەڵاتە کوردیەکەی باشوور بهێنێ![30] لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەو هەڵوێستەی کە تورکیا هەیبوو لە کاتی کەوتنی شنگال و دروستبوونی هەڕەشەی جددی لەسەر هەولێر و دهۆك، دەیتوانی، بە جیاوازی چەند کاتژمێرێك، زۆر پشتشکێنتر بێت و کارەساتێکی سیاسی و مرۆیی زۆر گەورەی (لە جۆری کارەساتەکەی ١٩٧٥ی) لێبکەوێتەوە؛

٤) پرسیارێکی گرنگیش ئەوەیە ئایا بۆچی یەکێتی بە هەمان شێوەی پارتی لەسەر رۆلی تورکیا زۆر، یا راستتر بڵێین هیچ، سەرسوڕمانیەك دەرنابڕێت. ئایا ئەم دەنگهەڵنەبڕینەی یەکێتی پێزانینێکی راستەوخۆ نیە لەو راستیەی کە پەیوەندیەکانی باشوور لەگەڵ تورکیا هی هەموو دەسەڵاتی کوردی (بە هەموو لایەنەکانەوە) نین، بەڵکو پەیوەندی پارتی و تورکیان؟ لەراستیدا لە یاداشتێکی چوار خاڵی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا، کە ئاراستەی مەکتەبی سیاسی پارتی کراوە، دەتوانین تا رادەیەکی زۆر وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە وەدەستبخەین. لە یاداشتەکەدا یەکێتی راشکاوانە داوا دەکات "پارتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا سنورداربکات، چونکە ئەو پەیوەندیە چڕە لە زۆر باردا بە زیانی خەڵك شکاوەتەوە."[31] بەهەرحاڵ شتێکی شاردراوە نیە کە یەکێتی نیشتمانی لە پەیوەندیە ئیقلیمیەکانیدا پشت بە تورکیا نابەستێ، بەڵکو تەواوی پشتبەستویی ئەو حزبە بە ئێرانەوەیە، وە ئەوەش دیوەکەی تری هاوکێشە و تراژیدیای سیاسەتی هێزە کوردیەکانە.[32]

لەلایەکی ترەوە دەتوانین بشپرسین ئایا دیدی ئەو هێزانەی تا دوێنێ ئۆپۆزیسیۆن بوون، لە مەڕ ئەو پەیوەندییانەی یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئێران و تورکیا، چیە و چۆنە؟ بەهەرحاڵ، دەتوانم بڵێم جێگەی مەترسیە کە ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ زۆر خۆی بە مەسەلەی پەیوەندیە ئیقلیمییەکانەوە خەریك نەکردووە؛ ئەمەش نەنگی و نوقسانیە کە لە ئاستێکی زۆر ستراتیژی و چارەنووسسازدا. کرۆکی مەترسیەکەش ئەمەیە: ئەگەر پاپۆڕەکە (واتە تەواوی باشووری کوردستان و دەسەڵاتەکەی) *بە هۆی شکستی هاوپەیمانیەکی ئیقلیمیەوە* غەرق بوو، ئەوا واتای ئەوەیە کە ئەوە نەك هەر غەرقبوونی بەشێکی دەسەڵات (واتە

---

[30] بۆ باسێکی فراوانتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. بورهان یاسین، "کاتێك سیاسەت ئاراستە راست و دروستەکانی لەدەست دەدات"، لە: http://burhanyassin.com/qeyrany%20syasy-%202012.pdf
ئەم بابەتە هەروەها لە پێگەی سبەی وە رۆژنامەی هاوڵاتی (بە دوو بەش) لە نۆڤەمبەری ٢٠١٢دا بڵاوبۆتەوە.

[31] http: //hawlati.co 59599 accessed 30-10-2014

[32] بۆ نموونە راوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (دلشاد عەبدولرەحمان) لە چاوپێکەوتنێکدا، کە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ سازکراوە، راشکاوانە دان بەوەدادەنێت کە "حزبەکەی لە زۆر بڕیاری چارەنوسسازی هەرێمی کوردستاندا بەشدار نەبوەو پارتی بڕیاریداوە" هەروەها ئەم راوێژکارە ئەم حاڵەتە دەبەستێتەوە بە رێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان حزبەکەی وە پارتی دیموکراتی کوردستان و دەڵێت "لەو کاتەوەی رێکەوتننامەی ستراتیژی هەبوە بڕگەیەکی تێدا نەبوە لەسەر ستراتیژیەتی هاوبەشی هەردولا بۆ هەرێم... هێزە سیاسیەکان روئیاو تێگەیشتنیان جیاوازە". بڕوانە:
http://hawlati.co/%d8%a6%db%95%d8%b1%d8%b4%db%8c%da%a4%db%95%da%a9%d8%a7%d9%86/59022

دەسەڵاتی پێشووە)، بەڵکو غەرقبوونێکە کە هەموو خەڵك و دەسەڵات، بە ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێشەوە، لەگەڵ خۆیدا راپێچدەکات! ئەو کاتە درەنگە بۆ گلەو گازندە کردن، شکستەکەش *هی هەمووانە*: لەراستیدا ئەو کاتە باس لە ریفۆرم و چاکسازی واتایەکی بۆ نامێنێتەوە، کاتێك کە پاپۆڕەکە بە هەموویەوە (گەندەڵکار و چاکساز و ریفۆرمخوازەوە) غەرق دەبێ.

دەرئەنجام، ئەوەی لێرەدا دەبێ بەڕوونی بگوترێ ئەوەیە کە چەندە گرنگە لە مەسەلە ئابووری و ئیداری و سیاسیەکانی *ناوخۆییدا* شەفافیەت هەبێ، ئەوا بە بۆچوونی من دەها گرنگترە کە چیتر فایلەکانی *سیاسەتی دەرەوەی هەرێم* مۆنۆپۆڵی ئەو حیزب یا ئەم حیزبە نەبێت؛ چونکە گەر گەندەڵی هۆکارێك بێت بۆ غەرق بوونی تەواوی پاپۆڕەکە ئەوا پەیوەندیە ئیقلیمیەکان، کە نەك هەر پەیوەندی حزبین، بەڵکو لەسەر بنچینەیەکی ناتەندروست وە بە میکانیزمێکی *گەندەڵ* و لە کۆمەڵێك فایلی تەماویدا خەملێندراون،[33] هۆکارێکی دەها گرنگتر و پشتشکێنترن.[34]

## خۆرئاوای کوردستان: تورکیا، پارتی و پ ک ک

هەر زوو، لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی راپەڕینی خەڵکی سوریا دژی رژێمی ئەسەد، هەوڵ و تەقەلاکان چڕکرانەوە بۆ رزگارکردنی خۆرئاوای کوردستان وە دواتر دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردی لە چوارچێوەی ئەوەی پ ك ك و ئۆجەلان پێیدەبێژن "خوەسەریا دیموکراتیك". ئەم پێشوەچوونە بەتایبەتی سێ ئەکتەری سیاسی گرنگی بەخۆوە پەیوەندیدار کرد، واتە تورکیا، پ ك ك وە باشووری کوردستان (زۆر بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان).

---

[33] لە راستیدا تەماویبوونی فایلە هەرە هەستیارەکان لە پەیوەندیە ئیقلیمیەکان راستییێکە کە خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە هاوپەیمانیەکی ستراتیژی بە پارتیەوە دەیبەستێتەوە، دانیپێدادەنێ و بە نیگەرانیشەوە لەم راستیە دەڕوانێ. بەپێی جختکردنەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی "پارتی تاکڕەوانە بڕیاری فرۆشتنی نەوتی هەرێمی داوە، ئەوەش هۆکارێك بووە لە قوڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، کە زیاتر لە نۆ مانگە کوردستانی روبەرووی قەیرانی دارایی کردۆتەوە". بڕوانە: http: //hawlati.co 59599 accessed 30-10-2014
لەراستیدا تەماویبوونی فایلی نەوت بگرە لەلایەن رۆژنامەنووسێکی نزیک لە پارتی (رێبوار کەریم وەلی)، پشڕاستکردۆتەوە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "پارتی و پەتای نەوت" وەلی دەنووسێ کە نەوت "سەرچاوەی داهاتێکی نادیارە" و "رووی قسەکە لە مەسەلەی نەوتدا لە پارتیە نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان یا یەکێتی نیشتمانی و حزبە بەشداربووەکانی دیکەی ناو حکومەت، چونکە پارتی لە 2005وە کۆنترۆڵی کەیسی نەوتی کردووە، ئەگەرچی لە دوای 2009 و لە کابینەی شەشەمدا حکومەت دەستاودەستی پێکرا، بەڵام لەو دوو ساڵەشدا. . . کەیسی نەوت هەر لە دەستی پارتیدا مایەوە". بڕوانە:
http://rudaw.net/sorani/opinion/021220141 Accessed 2-12-2014

[34] لە بابەتێکی ترمدا تیشکم خستۆتە سەر ئاستە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی لە باشووری کوردستان وە ئەو بۆچوونەم جختکردۆتەوە کە ناتەندروستی سیستەم و رادەی مەترسیداری گەندەڵی تەنها لە ئاستی ناوخۆیی (تۆ بڵێ ناوخۆیی هەرێم) رەنگینەداوەتەوە، بەڵکو لە ئاستەکانی پەیوەندی هەولێر و بەغدا، کوردستانی مەزن، ئیقلیمی و نێونەتەوەییشدا ئەم ناتەندروستبوون و گەندەڵیە بەشێوەیەکی زۆر نێگەتیڤانە کاریگەری خستۆتە سەر ئەو سیستەمە. بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەگەرەکان بە رووی داهاتوودا"، بە تایبەتی ل ٤-٦. ئەم بابەتە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ دا بڵاوبۆتەوە:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

بەم واتایەش هەر زوو لێکترازان، بگرە ململانێی بەرژەوەندیەکان، لە خۆرئاوای کوردستان سەریهەڵدا. ئەوەی کە ڕوویدا، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەوەبوو کە پێشوەخت پ ك ك ئەوەی نەشاردەوە کە خۆرئاوای کوردستان بۆ پ ك ك *"مەسەلەیەکی ستراتیژیە"*. هەر لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەشەوە پ ك ك هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ لە پێناو ئەوەی کە دەستکەوتەکانی خۆرئاوا بکات بە *سەرکەوتنی خۆی* و بەس وە *هیچ لایەنێکی تر پشکی لەم سەرکەوتنەدا نەبێت*. بەواتایەکی دیکە ئەم حزبە هەر زوو هەوڵیدا کە خۆرئاوای کوردستان بکات بە ئەزمونێکی سیاسی کە خۆی تیایدا باڵادەست بێت و قەڵەمڕەوی تەواو (تۆ بڵێ سەد لە سەد)ی تیادا هەبێت وە ئەم فەزایە لە ڕۆشنایی جیهانبینیەکانی پ ك ك ڕێکبخات. مەبەستێکی دیکەی گرنگی ئەو حزبە ئەوە بوو کە "سەرکەوتنەکەی" خۆی لەو بەشەی کوردستان بکات بە کارتێکی فشاری سیاسی بەرامبەر بە تورکیا.

لە بەرامبەر ئەوەدا، هەر زوو تورکیا هەستی بەوە کرد کە پ ك ك دەخوازێ لەسەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە ئیدارەیەکی درێژکراوەی سیاسەت و جیهانبینی خۆی دامەزرێنێ، وە ئەمەش لە دیدی ئەم وڵاتەوە ڕێگا پێنەدراو بوو. لە لایەکی ترەوە هەر زوو پارتی هەوڵیدا تێکەڵاوی ئەو ئەزموونە ببێ، یا هەر نەبێ تا بۆی بکرێ کاریگەی بخاتە سەر ئەو ئەزموونە؛ ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆ: **١)** بەلای پارتیەوە جێگەی ڕەزامەندی نەبوو کە ببینێ پ ك ك ببێ بە خاوەنی سەرکەوتنێکی ئەوها کە دواجار دەبێ بە هۆی زێدەبوونی قەلەمڕەوی پ ك ك، نەك هەر لە باکوور و خۆرئاوای کوردستان، بەڵکو لە تەواوی کوردستانی مەزن؛ **٢)** پارتی دەیخواست هەرنەبێ پەنجا لە سەد (بەڵکو بگرە زیاتریش) لە ئەو ئیدارەیەی کە لە خۆرئاوا بەرهەمدێت هی ئەو بێت، یا ڕاستتر بڵێین هی ئەو حزبانە بێت کە لە خۆیەوە (واتە لە پارتیەوە) نزیکن، یا کەم یا زۆر سەر بەو حزبەن؛ **٣)** پارتی، بە پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوای کوردستان، ڕۆلی "سەمامی ئەمانی" بۆ تورکیا گێڕاوە، بە تایبەتی بە مەبەستی هاوبەش لە سنووردانان بۆ سەرکەوتن و قەلەمڕەوی *سەد لە سەدی* پ ك ك لەو بەشەی کوردستان.[35]

هەروەك لە پێشەکی ئەم وتارەدا جختکراوەتەوە، ڕووداوەکانی سوریا لە (٢٠١١)ەوە بە چڕی و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بوونەتە هۆی تێکەڵاوبوونی سێ بەشی کوردستان بەیەکتر (باکوور، خۆرئاوا، باشوور). لەگەڵ ئەوەشی کە ئەو تێکەڵاوبوونە زۆر لایەنی گەش و ئەرێنی هەبووە، بەڵام لە چوارچێوە هەرە فراوانەکەیدا زۆر ڕەگەزی نێگەتیڤیشی لەخۆگرتووە. ئەم ڕەگەزە نێگەتیڤانە بەیەکەوە کلۆڵی ناسیۆنالیزمی کوردی پشتڕاستدەکەنەوە. زۆرێکیش لەو کێشە و ڕەگەزە نێگەتیڤانە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە کلۆڵی ناوماڵی کوردەوە هەیە، شتێکی نوێ نین، بەڵکو دووبارە بوونەوە و درێژبوونەوەی *کلتورێکی سیاسی ناتەندروستە* کە هەم خۆی لە باشوورەوە بەرەو خۆرئاوا

---

[35] بۆچوونی ڕەسمی یەکێتی دەربارەی سیاسەتی پارتی لە خۆرئاوای کوردستان ئەو بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە کە ڕۆلی پارتی لەو بەشەی کوردستان نەرێنی و نیگەرانئامێز بووە. لە یاداشتێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا، کە بەرەوڕووی پارتی کراوەتەوە ئەوە هاتووە کە "پارتی بە هەڵوێستە سلبیەکانیدا بچێتەوە دژی پارچەکانی ڕۆژئاواو باکووری کوردستان، دەستهەڵبگرێت لە دەستوەردان لە کانتۆنەکانی ڕۆژئاواو سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر لایەنە کوردیەکانی ئەو پارچەیەدا". http: //hawlati.co 59599 accessed 30-10-2014

وە هەمیش لە باکوورەوە بەرەو خۆرئاوا درێژکردۆتەوە. دەشکرێ ئەم کلتورە سیاسیە لە کۆمەڵێك توخم و بەها و جیهانبینیدا چڕ بکەینەوە کە ئەویش پاوانخوازی، خۆ بە هەموو شت زانی، قەبوولنەکردنی ئەویتر و مۆنۆپۆڵکردن و یەکڕەنگکردنی فەزای نەتەوە بە ڕەنگی تاکە حزب و تاکە سەرکردەیەك و. . . هتد.

لێرەدا دەکرێ ئەو کلتورە سیاسیەی، کە ساڵانێکی یەکجار زۆرە بۆتە چوارچێوەی کار و پەیوەندیە سیاسیەکان لە نێوان حزبە سیاسیەکانی کوردستان، بە چوارچێوەیەك بخەینەروو، کە لە چڕکردنەوە و کورتکردنەوەیدا بەم شێوەیەیە: حزبی (أ) هەر سەرکەوتنێکی حزبی (ب) بە زەرورەت بۆ خۆی بە شکست دەزانێ، وە شکستی (ب) بە زەرورەت بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێ، وە بە پێچەوانەشەوە. ئەم شێوە پەیوەندی و جیهانبینیە بە گەمەی سفری(zero-sum game) ناسراوە.[36] ئەوەی کە روویدا، بە پەیوەندی لەگەڵ شکستەکانی شنگال و جەلەولا، ئەم لۆژیکی (گەمەی سفری)یەی بە جوانی پشتڕاست کردەوە: پارتی تەنها خاوەنی سەرکەوتنەکانە و خۆیشی لە شکستەکان دەدزێتەوە، یەکێتیش هەروەها. لە ئاکامی ئەم لۆژیکەشدا نەتەوەی کورد و دۆزی کورد زەرەرمەندە، هەروەك ئەم حاڵەتە لەلایەن کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (فازڵ میرانی)ش پشتڕاستکرایەوە کاتێ دەربارەی "شەڕی جەنەڕاڵەکانی"[37] پارتی و یەکێتی وتی: " هەردوولامان زەرەر لە کورد دەدەین".[38] نمونەیەکیش لەم شەڕەی جەنەڕالەکان ئەمەیە: کاتێك مەخمور رزگارکرا شەڕی جەنەڕالەکانی ئەو دوو حزبە گەرمتر بوویەوە و واڵاتر بوو لەسەر ئەوەی کە ئایا سەرکەوتن هی کێیە و شکستیش هی کێ. بەرپرسێکی پارتی رایدەگەیێنێ کە هێزەکانی سەر بە پارتی مەخموریان رزگارکرد، بەڵام لە وەڵامیدا بەرپرسی دژەتیرۆری یەکێتی دەڵێت "ئێمە لە کاتی چۆڵکردنی مەخمور لەوێ نەبووین، بەڵام لە کاتی رزگارکردنی لەوێ بووین"[39] لەڕاستیدا ئەم جۆرە گوزارشە

---

[36] ئەوەی کە زانراوە و زۆر جار ئاماژەی پێدەکرێ ئەوەیە کە "گەمەی سفری" میکانیزمی هەرە گرنگ بوو لە ململانێی یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی لە لایەکەوە وە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەکی ترەوە، لە چوارچێوەی جەنگی سارد. بەم واتایەش گەمەی سفری زیاتر میکانیزم (ئالیەت)ی پەیوەندیەکانی دوو دژ یا دوو دوژمنە نەك ئالیەتی پەیوەندیەکانی دوو هێزی سیاسی کە هەردووکیان بانگەشەی هاوخەباتی، کوردستانیبوون (تۆ بڵێ نیشتمانیبوون) و دیموکراتیبوون دەکەن. بۆ بۆچوونێکی نووسەر دەربارەی ئەم گەمە سفریە بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە.. سبەی مێژووە*، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٠٢-٢٠٣.

[37] ئەم چمکە سەرنجڕاکێشە لە سەردێڕی هەواڵێکی *سپی میدیادا* هاتووە بە ناوی " دوای شەڕی پەرلەمانتاران، شەڕی جەنەراڵەکانی پارتی و یەکێتی دەستیپێکرد ". بڕوانە:
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1 accessed 29-8-2014

[38] http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=21959 accessed 30-9-2014

[39] accessed 29-8-2014 http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1

لە راپۆرتێکی شیکاریدا رۆژنامەنووس محەمەد رەئوف بە سەروتارەکەی ئەم شەڕەی جەنەڕالەکان جوان دەپێکێ، کاتێک دەنووسێ: "پڕۆسەکە کرا بە سەروەری حزبێك: رزگارکردنی شنگال. . لە نێوان پاڵەوانەکانی ئەمڕۆو هەڵهاتووەکانی دوێنێدا". بڕوانە: http://sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=25033 accessed 23-11-2014

بەشێوەیەك لە شێوەکان مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە خودی سەرۆکی هەرێمیش تێکەڵاوی ئەم شەڕی جەنەڕاڵانە بووە، دوای دوو رۆژیش لە ئازادکردنی جەلەولا و سەعدیە "بە دێڕێکیش پیرۆزبایی لە خەڵکی ناوچەکەو پێشمەرگەکان نەکردووە."

http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=14254&Jor=1 accessed 25-11-2014

لە بۆچوونی دوو هێزی سەرەکی کوردستان کە ئێستاش خاوەنی هێزێکی چەکداری زۆرن، زێتر لە نەفەسی شەڕی براکوژی و سڕینەوەی یەکتر نزیکە تا گوتاری دوو هاوپەیمان و دوو هاوخەبات!

هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا (بە پەڕینەوە بۆ بەشێکی تری کوردستان، بەڵام لە چوارچێوەی هەمان کلتورە ناتەندروستەکە و ناسیۆنالیزمە کلۆڵەکە) کێشەی هەرە گەورە لە خۆرئاوای کوردستان ئەوەیە کە پ ك ك ، وەك پێشتر ئامازەی پێکرا، دەخوازێ ئەو بەشەی کوردستان بکات بە:١) سەرکەوتنێك تەنها و تەنها بۆخۆی، بە واتایەکی تر سەد لە سەدی دەسەڵات بۆخۆی بێت؛ ٢) ئەم سەرکەوتنە بکات بە بەشێك لە شەڕی خۆی بەرامبەر بە تورکیا. لەلایەکی ترەوە بەشەکەی تری کێشەکە ئەوەیە کە پارتی پەنجا لە سەدی (بگرە کەمێك زیاتریش)ی لە دەسەڵات لە خۆرئاوای کوردستان بۆ لایەنگرانی خۆی دەوێت. بەڵام ئەوەی راستی بێت نە سەد لە سەدەکەی پ ك ك دروستە و نەش پەنجا لە سەدەکەی پارتی. بە واتایەکی دیکە، ئەو پشتگیریەی کە پ ك ك لەو بەشەی کوردستان هەیەتی کەمترە لە سەد لە سەد وە ئەوەشی پارتی هەیەتی ناگاتە پەنجا لە سەد. لەراستیدا هەم مۆنۆپۆڵە سەد لە سەدەی پ ك ك جێگەی مەترسیە بۆ ئەزموونی خۆرئاوا، هەمیش پەنجا بە پەنجا(فیفتی بە فیفتی)یەکەی پارتی.

زۆرێك لە هێماکان ئەوەمان پێدەڵێن کە خەریکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان (واتە لە کوردستانی مەزن)، بەڵام زۆر بە تایبەتی لە باکوور، باشوور و خۆرئاوا، جەمسەرگیریەکی نیگەرانئامێز جێگیر دەبێ، لە لایەکەوە پارتی و هێزە هاوکارەکانی، پشتئەستور بە پەیوەندیە ئیقلیمیەکانی، وە لە لایەکی ترەوە پ ك ك و ئەو هێزانەی کە لە دەوری ئەو حزبە کۆبوونەتەوە، پشتئەستور بە قولاییەکی ئیقلیمی.[40] ئەم جەمسەرگیریە لە هەناویدا ململانێیە لەسەر هەژمون لە چوارچێوەی ناسینالیزمی کوردیدا وە بە ئەگەری زۆر چ لە دابەشکردن و قۆرخکردنی فەزا و پانتایی نەتەوەیی لە شێوازی پەنجا بە پەنجا (لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوکارانی لە لایەك وە پ ك ك وە پشتگیرانی لە لایەکی ترەوە) وە چ لە شێوەی مۆنۆپۆل بەسەر ئەو فەزایەدا لەلایەن یەك تاکە حزب زیانێکی زۆر بە گەشەکردنێکی دیموکراتیانەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەیێنێت. هەروەك لەسەرەوە ئامازەی پێدرا هەردوو شێوازی خەمڵاندنی فەزای نیشتمانی (واتە مۆنۆپۆل وە پەنجا بە پەنجا) لە باشوور تاقیکراونەتەوە و هەردووکیشیان تا بڵێی زیانبەخش بوونە بۆ دەسەڵاتی کوردی و ئەزموونە سیاسیەکەی ئەو بەشەی کوردستان.

بە باوەڕی خۆم بۆ رێگەگرتن لە مۆنۆپۆڵێکی بەتەواوەتی لە لایەن (پ ك ك)ەوە لە خۆرئاوای کوردستان، تورکیا و پارتی (هەردووکیان بەیەکەوە یا بە جیا، لەبەر هۆی هاوبەش یا هۆی جیا) هەموو هەوڵەکانیان خستۆتە گەڕ. ئەگەر پارتی لە پەیوەندیە "داخراو و تەماویەکان" لەگەڵ تورکیا ئەو پەیمانەی بە تورکیا دابێت کە بەڵی ئەو (واتە

---

[40] بۆ نموونە بڕوانە:" کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەشدەبێت: بەرەیەك داوای سەربەخۆیی دەکات و بەرەیەکیش دژی دەوەستێتەوە". *ماڵپەڕی شار پرێس* ٢٠١٥/١/٩:
http://sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=25623

پارتی) سەمامی ئەمانە لەوەی کە ڕێگر دەبێت لەوەی کە پ ك ك دەست بگرێت بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەزموونە سیاسیەکەی ، ئەوا بەو واتایە ڕۆلی پارتی لە خۆرئاوا دەبێ بە دووان، یا ئەم ڕۆلە دوانەیەکی ئۆرگانیکیە: یەکێکیان لە ڕۆشنایی *بەرژەوەندیە حزبیەکانی خۆی* وە ئەوەی تریشیان بە پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی تورکیا واتە بە پێی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان. بەم واتایە، کارکردن بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندیە ستراتیژیەی کە لە نێوان ئەو دوو لایەنە (واتە تورکیا و پارتی) لە ماوەیەکی دوور و درێژدا پەرەی سەندوە، کە لە ماوەی دواییدا گەیشتۆتە ئاستی هەرە " مەترسیدار".[41]

گرنگە لێرەدا ئەوە بەبیربهێنینەوە، هەروەك لەسەرەوە گوترا، کە هەر دوو مێتۆدی قۆرخکاری سیاسی و پەنجا بە پەنجا پێشتر لە باشووری کوردستان تاقیکراونەتەوە، بەڵام هەردووکیان نەك هەر ئەزموونی شکستخواردو بوون، بەڵکو سەرچاوەی نەهامەتی بوون بۆ خەڵکی کوردستان وە هۆیەکی سەرەکیش بوون لە سەرنەکەوتوویی ئەزموونی "دیموکراتیزەکردن" لە باشووری کوردستان. بۆ یەکەم جار دوای سەرهەڵدانی بزاڤی گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا خەریکە هەم مۆنۆپۆڵی سیاسی هەمیش پەنجا بە پەنجا گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بەم واتایەش نالێم کە ئەم دوو دیاردە وێرانکار و نێگەتیڤە (مۆنۆپۆڵ و پەنجا بە پەنجا) بە ئاسانی کۆتاییان پێدێت.

زۆر گرنگە ئەوەش خجتبکرێتەوە کە لە حاڵەتی باشووری کوردستان تەنها هەندێك ریفۆرم لە ئاستی *ناوەخۆی* سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستەی کۆتاییهێنان بەم دوو دیاردە نێگەتیڤە *بەس نین*، بەڵکو دەبێ بنەماکانی مۆنۆپۆڵ و پەنجا بە پەنجا لە ئاستەکانی (پەیوەندیەکانی کوردستان و بەغدا؛ پەیوەندیە کوردستانیەکان - واتە پەیوەندیەکان لە ئاستی کوردستانی مەزن؛ پەیوەندیە ئیقلیمیەکان وە هەروەها پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان)یش بنبڕبکرێن. بە واتایەکی دیکە، سەرکەوتویی حکومەتی بنکەفراوان بەندە بەوەی کە لە هەموو ئاست و ڕەهەندە سیاسیەکاندا بەشداری و کاریگەری چالاکانەی هەموو لایەنە بەشداربووەکان لە گشت کار و چالاکیەکانی ئەو حکومەتە وە لە هەموو ئاستەکانی سیاسەتکردندا ڕەنگبداتەوە.

## ئێران

یەکێك لەو مەترسیانەی کە ئێستا هەن ئەوەیە کە ئێران بەوەی کە تا ئێستا کردوویەتی (بۆ نموونە بەشداری لە شەڕ دژی داعش بە شێوەی ڕاوێژکار و بەشداریەکی سەربازی سنووردار) نەوەستێت، بەڵکو لە داهاتوودا کاردانەوەی ئەم وڵاتە بگاتە ڕادەی شەڕێکی

---

[41] ئەم بۆچوونە بەشێکە لە نووسراوێکی فراوانتر (بە ناوی نەخشەڕێگایەك بۆ سیاسەتێکی کوردستانیانە ڕوو لە خۆرئاوای کوردستان: سیاسەتی "لە دەرەوە" و "لە سەرەوە") کە هەم نیگەرانیەکان دەربارەی پێشوەچوونەکانی خۆرئاوای کوردستان دەخاتەڕوو وە هەمیش چارەسەری و باشترین شێوازی ڕێکخستنی فەزای کوردستانی (نەتەوەیی و نیشتمانی) بۆ ڕێگرتن لە دوو شێوازی نەرێنی و وێرانکاری مۆنۆپۆلی سیاسی (لە لایەن یەکێک لە هێزەکان – پارتی یا پ ک ک) وە پەنجا بە پەنجا (لە لایەن هەردووکیانەوە) وەک دوو شێوازی سەرنەکەوتوو و زیانبەخش، دەخاتە ڕوو. بە هیوام لە داهاتوودا نووسراوی ناوبراو بڵاو بکەمەوە.

گەورە و راستەوخۆی بەرە لەگەڵ داعش. هەڵبەتە سیناریۆیەکی ئەوها گرێدراوی زۆر پێشوەچوونە کە یەکێکیان پەیوەندی بە بژاردە و رادەی پێشڕەویەکانی (داعش)ەوە هەیە. جگە لەوەش دەکرێ گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ستراتیژی ئەمریکا، روو لە عیراق و شەڕی داعش، کاریگەری راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بژاردەکانی ئێران و ئەگەری رووبەروبوونەوەی توندتر و ئاشکراتر لە نێوان ئێران و ئەو هێزە توندڕەوەدا دابنێت.

هەڵبەتە لەم بارەیەوە یەکێك لە هۆیەکانی ئەگەری زێدەبوونی رۆڵی ئێران لە عیراق و ئەگەری روبەروبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ داعش ئەوەیە کە ئێران سنوورێکی دوور و درێژی هاوبەشی لەگەڵ عیراق هەیە، جگە لەوەش عیراق بەبوونی دوو شاری پیرۆزی شیعی و حزورێکی شیعی بە هێز (وەك زۆرینەی دانیشتوان لەو وڵاتە) ناسراوە. هەروەها لە ڕەهەندی ئقلیمی و جیهانیەوە، ئێران وا دەزانێ کە سەروبەری داعش پیلانێکی (ئیسرائیلی- ئەمریکی- سعودی)یە بەرامبەر بە ئێران.[42] هەر لە ڕەهەندی ئیقلیمیەوە، ئەگەرهاتو ئێران هەستی بەوە کرد کە ئیتر رژێمی ئەسەد دۆڕاوە و بەم واتایەش پێگەی ئێران لەو وڵاتە شتێکی لەدەست چووە، ئەوا بێگومان ئێران هەوڵەکانی خۆی دەها چڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەهەر نرخێك بێت پێگەی خۆی لە عیراق بەهێزتر بکات و بەرگری لەو پێگەیە بکات و دەستی پێوە بگرێ. بەم واتایەش بە ئەگەری زۆر عیراق لە ئایندەدا چاوەڕوانی شەڕی گەورەتر و فراوانتر و چارەنووسسازتر دەکات کە تیایدا ئەم وڵاتە دەبێتە ناوەندێکی هەرە گرنگی شەڕەکە.

بەڵام دەتوانین بپرسین ئایا ئەم هەموو ئەگەرانە چ پەیوەندیەکیان بە کوردەوە هەیە. وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە هەڵوەستەکردن و لەسەر وەستانێکی زۆر زێترە. بەڵام لێرەدا دەکرێ ئەوە بڵێین کە چڕبوونەوەی رۆڵی ئێران لە عیراق لە زیاتر لە روێکەوە کورد پەیوەندیدار دەکات. دیارە یەکێك لە ئەگەرە هەرە مەترسیدارەکان ئەوەبێ کە ئێران لەمەودوا هەوڵەکانی بۆ "بەئێرانیکردن و بەشیعیکردنی" عیراق دەها چڕتر بکاتەوە وە یەکێکیش لە دەرهاوێشتەکانی ئەم ئەگەرە بەشیعیکردنی زێتری ململانێی عەرەبی- کوردی دەبێت. یەکێکیش لە ئاکامەکانی ئەوها سیناریۆیەك چڕبوونەوەی هەوڵەکانی ئیران دەبێت بۆ فشارخستنە سەر باشووری کوردستان، وەك دەرهاوێشتەیەکی "پرۆژەی" بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عیراق.

دیارە بەشێکی راستەوخۆ و هەرە گرنگ لە ستراتیژی ئێران لە ئێستادا بەرەوڕوبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر ئێرانە لە دەرەوەی ئێران خۆی، یا راستتر بڵێین ستراتیژی *شەڕ لە دەرەوەی ئێران، بەڵام لە پێناوی ئێران خۆی*. ئەمە رێك ئەو ستراتیژەیە کە لە ئێستادا ئێران، بۆ نموونە، لە سوریا و عیراق سەرسەختانە پیادەیدەکات. وەك پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەم بۆچوونە، ئەحمەد رەزا پوردستان، فەرماندەی هێزە

---

[42] بۆ نموونە، عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لە وتارێکیدا لە زانکۆی بەیروت، لە کۆتایی ساڵی رابردوو، ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئەمریکا لە عیراق گفتوگۆی لەگەڵ داعش کردووە وە ئیسرائیل و هەندێك وڵاتی عەرەبی بە پشتگیری داعش دژی ئێران گوناهبارکرد. بڕوانە:

http://knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=38370&LinkID=6&video=False&leguaid=#.VJk1Id0MBg accessed 23-11-2014

وشکاییەکانی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێت "تا قوڵایی ٤٠ کیلۆمەتری خاکی عێراق، هێڵی سووری ئێرانە."[43]

## دەرئەنجام

داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە رووداوێکی زۆر گرنگ بوو. بەڵام کە باس دێتە سەر دەرفەتی دوای داگیرکردنەکە، من باوەڕم وایە کە ئەو دەرفەتە بچووککراوەی دەستی کورد خۆیەتی، بەو واتایەی کە دە ساڵ بەر لە ئێستا رازیبوو بە دەستوری عیراق، کە لە رێگەیەوە خۆی خستۆتە گەمەیەکەوە کە دواجار *کەمینە تیایدا زۆر جار دۆڕاوە و زۆرینەش براوە*. بەم واتایەش بە دەستی خۆی (تۆ بڵێ بە ئیرادەی خۆی) دەرفەتەکانی دواتری (واتە دەرفەتەکانی قۆناغی دوای ئیمزاکردنی دەستور)ی بچووککردۆتەوە!

کارەساتی شنگال دەچێتە مێژووەوە وەك یەکێك لە تراژیدیا مرۆییەکان کە بەسەر کورد هاتووە، وە جێگایەکی هەرە تایبەت وەردەگرێت لە تۆماری تراژیدیاکانی مێژووی مۆدێرنی کوردا. جێگەی خۆیەتی کە خودی سەرۆکی هەرێم بە بێ هەڵسوکەوتی تەماوی و پشتبەستن بەوەی کە لە سبەینێیەکی نزیکدا کارەساتەکە لە بیر خەڵك دەچێتەوە، هەڵوێستی راشکاوانەی خۆی لەمەڕ کشانەوەی بە ناو "تاکتیکی" لە شنگال، روون و ئاشکرا بکات.

بە هەر حاڵ شکستی دەسەڵات لە شنگال ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ٢٣ ساڵە سیاسەتەکانی دەسەڵات و ئەوەی پێیدەگوترێ ئەزموونی کوردی چیرۆکی ناسەرکەوتوویی و ناکارامەیی بووە. ئەم کارەساتە و زۆر شکستی تر لە راگوزەری ئەم دەسەڵاتە کلۆڵیەکی زۆر مەترسیداری هەمەڕەهەند لە قوڵایی و ماهیەتی ئەم دەسەڵاتەدا دەردەخات. پێویستە هەر لێرەشدا ئەوە بڵێین کە لەبەر ئەوەی ئەم کلۆڵیە فرەڕەهەندە، دەبێ چارەسەرەکەشی فرەڕەهەند بێت. لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی ئەم کلۆڵیەش، ئەگەرەکان بەڕووی روودانی کارەساتی دیکە لە جۆری ئەوەی شنگال بە کراوەیی دەمێننەوە.

ئەگەر چی ئەوە ئاشکرایە، وەك بەشێك لە ستراتیژی بەرەوڕوبوونەوەی داعش لە عیراق، ئەمریکا هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بەزووترین کات وە بە بەشداری هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکە (شیعە، سوننە، کورد) حکومەتی عەبادی پێکبهێنرێت، بەڵام هەر زوو ئەوە دەرکەوت کە پێکهێنانی حکومەت بەس نیە بۆ ئەو بەرەوڕوبوونەوەیە. بۆ ئەوەشی ئەمریکا بتوانێ لە ناوچەکە، بە تایبەتی لە عیراق و سوریا، شەڕێکی سەرکەوتوو دژی داعش بکات، ئەوا ئەم وڵاتە پێویستی بە کۆمەڵێك هەنگاوی دیکەیە: ١) بەشداریکردن لە شەڕ بە قەوارە و ژمارەیەکی زۆر لە هێزی وشکانی؛ ٢) رۆڵێکی چالاکتری تورکیا و ئامادەیی ئەم وڵاتە بۆ بەشداری لە شەڕ دژی داعش، بە شێوەی جۆراوجۆر. بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە ئەمریکا هەوڵبدات کە کۆمەڵێك دژایەتی و ئاستەنگ کە لە بەردەمی ئەم بەشداریەدان چارەسەر بکات، لەمانەش بە تایبەتی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی

---

43 Jor=2&jmare=15283&http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal accessed 7-1-2015

دژایەتی و گرژی لە هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر خۆرئاوای کوردستان؛ ٣) لە بەرامبەریشدا ئەمریکا پشتگیری لە داواکاری تورکیا بکات بۆ لابردنی رژێمی ئەسەد لە سوریا؛ ٤) پەیوەندیەکی راستەوخۆتر و راشکاوانەتر پێویستە لە نێوان دەسەڵاتە کوردییەکەی خۆرئاوای کوردستان و وڵاتانی هاوپەیمان، بە تایبەتی ئەمریکا بخەملێنرێ؛ ٥) فەراهەمکردنی رۆڵێکی چالاکتری ناتۆ و نەتەوەیەکگرتووەکان لەپێناو لەناوبردنی داعش؛ ٦) زۆر پێویستە کە رێگا نەدرێ ئێران قەلەمڕەوی خۆی، لە سێبەری شەڕی داعشدا، بەرادەیەك زێدە بکات کە دواجار لە داهاتودا، زۆر یا کەم، پێویست بە شەڕێکی تر بکات بۆ *دەرهێنانی عیراق لە چنگی ئێران*.

هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە خۆرئاوا نامۆ و ناسروشتی نییە، هەڵبەتە لە گۆشەنیگای دەوڵەتی تورکیاوە. ئەم وڵاتە دەبینێ کە پ ك ك بە ئاشکرا دەخوازێ ئەزموونی خۆرئاوا درێژکردنەوەی سیاسەت و جیهانبینی خۆی بێت وە بگرە خۆیشی قەڵەمڕەوی تەواوی بەسەر ئەو بەشەی کوردستانەدا هەبێت، بۆ تورکیا ئەوەش جێگەی قەبوڵکردن نیە. هۆیەکی گرنگی ئەم بۆچوونەی تورکیاش، بەرادەی یەکەم، ئەوە بووە کە سەرکەوتنی پ ك ك لە خۆرئاوای کوردستان کاریگەری زۆری لەسەر هاوسەنگی هێز، لە نێوان پ ك ك و تورکیا، دەبێت. جگە لەوەش، مەترسی تورکیا لەوەشەوەیە کە خواستی درێژکردنەوەی ئەزموونی خۆرئاوا بۆ باکووری کوردستان سەرهەڵبدات و بەم واتایەش "خوەسەریا دیموکراتیك"، زوو یا درەنگ، ببێتە داواکاری کوردانی باکووریش.

بەڵام ئەوەی کە ئەستەمە مرۆڤ تێگەیشتنی بۆ هەبێ ئەم هەموو *گەمە سفریەیە* لە نێوان هێزە سیاسەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە باشوور و خۆرئاوا، هاوتەریب لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە ئەمڕۆ کورد هەرنەبێ لە دوو بەشی کوردستان روبەرووی دوژمنێکی دڕندە دەبێتەوە. بەبڕوای من ئەو کلتورە سیاسیە ناتەندروستەی کە تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەربڵاو باڵادەستە لە پەیوەندیەکانی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان (زۆر بە تایبەتی حزبە گەورە و کاریگەر و خاوەن هێزی چەکداری)، هێشتان هەر گەمەی سفریە، بەو واتایەی کە پەیوەندی هێزە سیاسیەکان لە کوردستان بەردەوام لە شێوازە نێگەتیڤەکەیدا دەخولێتەوە. هەروەك لە ناواخنی بابەتەکە ئاماژەپێدراوە، بەپێی ئەم کلتورە سیاسیە ناتەندروستە: حزبی (أ) وا دەزانی شکستەکانی (ب) *بە زەرورەت* سەرکەوتنە بۆ ئەو، وە بە پێچەوانەشەوە. دیوێکی تری ئەم پەیوەندی و جیهانبینیە نەرێنی (نێگەتیڤ)ە ئەوەیە کە زۆرێك لە هێزە سیاسیەکان بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەموو سەرکەوتنەکان بکەن بە هی خۆیان وە شکستەکانیش بخەنە پاڵ ئەوی (ئەوانی) تر. لە ئاستی کوردستانی مەزن، ئەم کلتورە سیاسیە لە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژدا باڵادەست بووە.

لەلایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی کار و خەباتی هێزە کوردستانیەکان بچێتە ئاستێکی تەندروستتر و ناسیۆنالیزمی کوردی و کەسایەتی کوردیش لەو کلۆڵیە رزگاری ببێت، پێویستە هەرچی زووە زهنیەت و شێوازی پەیوەندی گەمەی سفری تێپەڕ بکرێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە دوو شێواز لە پەیوەندی و جیهانبینی سیاسی دەتوانن ببنە هۆی ئەو تەندروستبوونە لە پەیوەندیەکانی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان و دواجار بشبنن بە

هۆی تەندروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و تەواوی بزاڤی سیاسی لە کوردستان وە ڕێکخستنێکی دیموکراتیانەتری فەزای نەتەوە:

شێوازی یەکەم؛ *بێلایەنکردنی شکست و سەرکەوتنەکان*: بەمپێیە حزبی (أ) وا بزانێ نە سەرکەوتنی حزبی (ب) بە زەرورەت شکستە بۆ خۆی (واتە بۆ أ)، وە نەش شکستەکانی (ب) سەرکەوتنە بۆ خۆی (واتە بۆ أ)، وە بە پێچەوانەشەوە؛

شێوازی دووەم؛ *بەرژەوەندیەکانی نەتەوە پێوەری راستەقینەی هەر شکست و سەرکەوتنێکن. بەم واتایەش شکست و سەرکەوتنی حزب، شکست و سەرکەوتنی نەتەوەیە.* بەم پێیە حزبی (أ) وا بزانێ کە لەبەر ئەوەی حزبی (ب) هێزێکی کوردستانیە و بەشێکی چالاك و دانەبڕاوی فەزای نەتەوە پێکدەهێنێ، هەر سەرکەوتنێکی حزبی (ب)، بنچینەیەکە بۆ سەرکەوتنی کورد، شکستەکەشی شکستە بۆ کورد. بە واتایەکی دیکە پێوەری قازانج و زیانی (أ) و (ب) بە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا، بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و دۆزی کوردستان و بەرهەمهێنانی ڕێکخستنێکی دیموکراتیە، وەك گونجاوترین شێوازی ڕێکخستنی فەزای نەتەوە. ئەم شێوازە لە پەیوەندی و جیهانبینی دەبێ بەرزترین ئایدیاڵ بێت کە حزبە سیاسیەکان لە پڕۆسەی بە *دیموکراتیزەکردن* و *کوردستانیکردن* خەباتی جددی بۆ بکەن.[44] بەڵام بۆ گەیشتن بەم شێوازە ئایدیاڵە (واتە شێوازی دووەم)، پێویستە سەرەتا هەرنەبێ ڕاگوزەری بکرێ بە شێوازی یەکەمدا لە پەیوەندی و جیهانبینی.

بەهەرحاڵ لێرە و لەوێ تێبینی دەکرێ کە هەوڵێك هەیە بۆ هەرنەبێ  پەڕینەوە لە شێوازی گەمەی سفری بۆ شێوازی یەکەم (سەرەوە)، واتە شێوازی *بێلایەنکردن و بێلایەنبینینی سەرکەوتن و شکستەکانی خۆ و هی ئەویتر (ئەوانیتر)*. دەتوانین بڵێین لێرە و لەوێ، لە لای ئەم حزب یا ئەو حزب، ئەم پەڕینەوە روویداوە، بەڵام تا ئێستا پەیوەندیەکان نەیانتوانیوە بپەڕنەوە شێوازی دووەم کە ئەویش کردنی نەتەوە و بەرژەوەندیەکانی بە پێوەر بۆ شکست و سەرکەوتنەکانی هەر هێز و لایەنێك.

بە بڕوای خۆم باشترین وە شیاوترین سیاسەت و هەڵوێستی کوردستانیانە (تۆ بڵێ کوردانە) ئیمڕۆ، بەتایبەتی روو لە خۆرئاوای کوردستان، ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت سیاسەتێکی کوردستانیانە بخەملێنرێ، سیاسەتێك کە خۆی لە ئاوێتەبوونی دوو چمکدا دەبینێتەوە: لە ***دەرەوە*** و لە ***سەرەوە***، کە هەردووکیشیان بە توندی گرێدراوی یەکترن لە یەك چوارچێوەدا. مەبەست لە وشەی *دەرەوە* ئەوەیە کە لە پەیوەندیە *ئاسۆییەکاندا* حزب خۆی دوور بگرێ لە هەر شێوازێکی "بە رەش یا سپی دیتنی شتەکان" وە بەم واتایەش خۆدوورگرتن لە هەر جەمسەرگیریەکی حزبی کە دواجار زیانی بۆ نەتەوەی کورد و بەرژەوەندیە باڵاکانی دەبێت. جگە لەوەش لە *دەرەوەی* چوارچێوەی سنورداركراوی حزبی چواچێوەیەکی هەرە فراوانی نیشتیمانی (تۆ بڵێ دەرەوەیەك) هەیە وە ئەوە ئەم *دەرەوەیەیە* کە هەموان، بە جیاوازی رەنگی ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندی حزبی،

[44] ئەم دوو شێوازەی پەیوەندی سیاسی و جیهانبینیە وەك بەشێك لە کلتورێکی سیاسی جیاوازترە کە دەتوانێ ببێتە بنەما بۆ ڕێکخستنی باشتری ئەو پەیوەندیانە و دواجار ڕێکخستنێکی تەندروستی فەزای نەتەوە. پێشتر لە کتێبێکی نووسەردا گفتوگۆی لەسەر کراوە، بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە.. سبەی مێژووە*، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٠٢-٢٠٣.

کۆدەکاتەوە. مەبەست (لە وشەی *سەرەوە*)ش ئەوەیە کە، لە ڕۆشنایی گوتارێکی نیشتمانیدا، جیهانبینی و پەیوەندیە سیاسیەکان *وەسەربخرێن* بۆ ئاستی هەرە سەرەوە، *ئاستی سەرەوەی حیزب* (ئاستە هەرە باڵاکەی بەرژەوەندی و ستراتیژە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان). بەباوەڕی خۆم، بە تایبەتی ئەو حزبانەی کە پێشتر شەڕی براکوژیان نەکردووە و تا رادەیەك توانیویانە لە گەمەی سفری دوور بکەونەوە، وە گوتاری نیشتمانی لە بڕی گوتاری حزبی جختبکەنەوە، ئەو حزبانە بەڕادەی یەکەم ئەو بەرپرسیارەتیەیان دەکەوێتە سەر شان کە هەوڵی جددی بدەن بۆ خەمڵاندنی ئەو چوارچێوە هەرە فراوانەی کە من پێیدەبێژم (لە دەرەوە و لە سەرەوە). خۆدوورگرتن لە هەموو شێوەیەکی جەمسەرگیری "زلحزبەکان"، مەرجێکە بۆ ئەوەی ئەم حزبانە بتوانن یارمەتیدەر بن بۆ خەمڵاندنی ئەوها چوارچێوەیەك، کە تەواوی نەتەوە کۆدەکاتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردیش تەندروست و بەهێز دەکات.

لەکۆتاییدا ئەوەی ئەمڕۆ جێگەی نیگەرانیە، هەرنەبێ بەبۆچوونی خۆم، ئەوەیە کە دوو هێزی سەرەکی لە ئاستی کوردستانی مەزن لە گەمەیەکی سفری زۆر نەرێنی و مەترسیداردان، ئەو دوو حزبەش پارتی و (پ ك ك)ن. پەڕینەوەی پ ك ك لە باکوور و خۆرئاوا بۆ باشووری کوردستان وە ئامادەیی و کاریگەری لەو بەشەی کوردستان دوو ڕەگەزی دژبەیەکتر دەگرێتە خۆی: لە لایەکەوە لێکنزیکردنەوەی سێ بەشی کوردستان (کوردستانی پێشوو) بە چڕی، کە ئەمەش زۆر ئەرێنیە، بەڵام لایەنە نەرێنیەکەی ئەوەیە کە ئەگەر ئەم پەڕینەوەیە لە چوارچێوەی گەمەی سفریدا بگرێ ئەوا ئەو پەڕینەوەیە زۆر نەرێنی و مەترسیدار دەبێت. ئەگەر هەموو لایەك ئاگادار و یارمەتیدەر نەبن، ئەوا بەرەوڕووبوونەوەی سەربازیش لە نێوان ئەو دوو هێزە نابێ بە دوور بگیرێ!